خەباتی سیاسیو چەکداری شێخ مەحموود لە هاوکێشەو پلانە سەربازییەکانی بەریتانیادا (١٩١٤- ١٩٢٢)

م.ی ئەحمەد محەمەد نا سر (ئەحمەد باوەڕ)
زانکۆی گەرمیان- فا کەڵتی پەروەردە

دەسپێك:

لە ماوەی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە کە لەنێوان ولاتانی هاوپەیمان و ناوەندا ، لە٢ی ئابی ١٩١٤ەوەدەستی پێکرد، بەماوەیەك دوای ئەوە شێخ مەحموود شانبەشانی چەندین کەسایەتی وناوداری کورد و بەیاوەری نزیکەی (٣٠٠٠) سوارە و چەکداری ئەودەمانەی ناوچە کورد نشینەکانی باشووری کوردستان، وەك پاڵپشتیەك بۆ دەوڵەتی عوسمانی و لە شەڕی شوعێبەی ١٢ی نیسانی١٩١٥ دا دژی بەریتانیا جەنگان[١]. سەرەڕای ئەوە هەر لەساڵانی جەنگدا، کە سوپای رووسیا لەسێ تەوەری بەرچاوی کوردستانەوە هێرشیان کردەسەر ناوچەکە بە تایبەتی لە: خانەقین، سلێمانی و ڕەواندزەوە[٢]. شێخ مەحموودیش بەهەمان شێوازی پێشووی توانی لە پێنجوێنەوەو لەگەڵ ژمارەیەك چەکداری کوردا ڕوو بە ڕووی هێرشەکانی ڕووسیا بێتەوە ، هەرچەندە ئەوان لەهەوڵی ئەوەدا بوون و نامەی خۆیان نارد ، بۆ شێخ مەحموود هاوکاریان بکا دژی ولاتانی ناوەند، کەچی لە مەشیاندا شێخ مەحموود ئامادە نەبوو هاوکاریان بێ، بەڵکو وا وەلامی دانەوە کەئەو ئەیەوێ داکۆکی لە ولاتەکەی خۆی بکا لە هەر دەسدرێژیەکی ڕووسەکان و تەنانەت بە خەڵکانێکی جانەوەر ناوی بردوون و پێیان ئەڵێ:((من لەجانەوەری و خوێن خۆری ڕووس نیشتمانم دەپارێزم و بەهیوای بەخشندەیی قەیسەر نیم ...))[٣]

هەرچەندە دواتر ڕووسیا بە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ەوەو، دەسەلات گرتنە دەستی بەلشەفیکەکان بەڕێبەرایەتی ڤلادمێر ئیلتش لینین (١٨٧٠-١٩٢٤) لەبەرەی ولاتانی هاوپەیمان هاتنەدەرەوە و نفوزی سەربازیان لەناوچەکەدا نەما . شێخ مەحموودیش هەرکە تێکشکانی سوپای عوسمانی و بێ هیوایی خۆی بۆ دەرکەوت کە داکۆکی کردن لەمانە دادێکی ئەوتۆیان نادا و، هاوکات ئەو مامەڵەخراپەی کە سەرانی تورك بەرامبەر بەکورد و دانیشتوانی کوردستان بەجێیاندەهێنا، بەتەواوی وای لەشێخ مەحموود کرد، کەمەیدانی جەنگ بەجێ بێڵێ و لەگەڵ زۆرێك لەسوارەو چەکدارەکانی هاوەڵی دا بگەڕێتەوە کوردستان و شاری سلێمانی[٤].

وەکتر لەلایەکی دیشەوە کە سەرکەوتنەکانی سوپای بەریتانیای بە چاوی خۆی بینی دوای ئەوەی شاری بەغدایان لە ١١ی مارتی ١٩١٧ دوە بە ڕێبەرایەتی جەنەراڵ ستانلی مۆد(١٨٦٤-١٩١٧) داگیرکرد و پاشان بەرەو ناوچەکانی سەرووتر بوونەوە واتە بۆناوچەکانی باشووری کوردستان و لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا (ئاگر بڕی مودرۆس) یان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا مۆرکرد. ئەمەش لە کاتێکدا بوو هێشتا سوپای بەریتانیا دوازدە میلی مابوو بچێتە ناو ناوەندی شاری مووسڵەوە، ئەوەبوو ئەم هەنگاوەشی لە مانگی تشرینی دووەمی هەمانساڵدا هێنایەدی و دەستی بەسەر ناوچەکەدا گرت[٥]. هەروەها بە مەبەستی درێژەدان بەم سەرکەوتنەیان هەوڵیاندا پەیوەندی بەژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و سەرۆك هۆزی کورد و عەرەبەوە بکەن بۆئەوەی لە جێ بە جێکردنی پلا نەکەیاندا، هاوکاریان بکەن بە تایبەتی ئەوانەیان کە تائەوکاتە خۆیان بە نەیاری دەوڵەتی عوسمانی دەزانی.بەلام وەکتر لەم سەرو بەندەدا سلێمانی و دەورو بەری هێشتا ژمارەیەك چەکداری تورکی تیا مابوو. کەچی دواتر ئەمانیش بەناچاریەوە فەرماندەی هێزەکانیان کەعەلی ئیحسان پاشا بوو داوای لەموتەسەریفی شاری سلێمانی (عەلی ڕەزا بەگ) کرد کە لە شارەکە بکشێتەوەو، بەڕێوەبردنی بداتە دەست شێخ مەحموودەوە، بۆئەوەی بە ناوی ئەوانەوە بە ڕێوەیبرێ. بەلام هەموو ئەو گۆڕانکاری و نوشووستیانەی کە بەسەردەسەلات و سوپای عوسمانی دا هات ، وای لەشێخ مەحموودکرد کەبۆ جارێکی دی بەخۆیدا بچێتەوەو هەوڵی ئەوەبدا کە بۆ ڕایی کردنی کارو باری کوردستان و ناوچەکە پەیوەندی بە بەریتانیاوە بکا . بەریتانیاش بە هۆی ئەو برە سوپایەی عوسمانی یەوە لەشاری سلێمانی داو دەسەلاتی شێخ مەحموود لەناوچەکەدا، نەیاندەویست خۆیان لە شارەکە نزیك بکەنەوە .لێرە بە دواوەو لەئە نجامی هاندانی هەموونەوانەی

لەشێخ مەحموودەوە نزیك بوون و دەرکەوتنی ئەوەی کەسوپای هاوپەیمانان لەسەرکەوتنی یەکجارەکی دان. شێخ مەحموود کەوتە ئەوەی دوونوێنەری خۆی کەهەریەك لە : عیزەت تۆبچی و فایەقی تاپۆ بوون بنێرێتە لای فەرمانڕەوایانی بەریتانیا کە لەودەمانەدا یەکێك لە بنکە سەربازیەکانیان لە (ئەسکی کفری) بوو . بۆ ئەوەی نامەیەکی تایبەتی شێخ مەحموود بگەیەنن بە بەریتانیاو ئامادەیی ئەوەشیان بۆ بسەلمێنن، کەئەمان دەیانەوێ ناوچەکە بێ ڕووبە ڕووبوونەوەی سەربازی بخەنە ژێر دەسەلاتی بەریتانیاوەو ئامادەن بەناوی ئەوانەوە بەڕێوەی بەرن[٦]. لای خۆشیانەوە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا ئەم دەسپێشخەریەی شێخ مەحموودیان بە هەنگاوێکی گرنگ لەقەلەمدا، بەتایبەتی لەو سەرو بەندەوە کەنامەکەی شێخ مەحموود لە (١ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨) دوە گەیشتە حاکمی مەدەنی بەریتانیا لەبەغدا کە لەو دەمانەدا بەشێوازی وەکالەت : ئارنۆڵد. تابۆلت .ویلسۆن (١٨٨٤-١٩٤٠) بەڕێوەی دەبرد. ئەمیش یەکێك لە کەسایەتی و شارەزایانی بەریتانی بەکارو باری ناوچە کورد نشینەکان کە مێجەر نۆئیل بوو نارده کوردستان و شاری سلێمانی، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لە بۆ چوون و نیەتی شێخ مەحموود بگەن. بەجۆرێك مێجەر نۆئیل بەیاوەری نوێنەرانی شێخ مەحموود لە ڕێگای کفری ئەوکاتەوە گەیشتنە گوندی (داری کەلی) و پاشان لەلایەن ژمارەیەك کەسایەتی و ناوداری شاری سلێمانی یەوە کەشێخ مەحموود خۆی ، ڕایسپارد بوون لەڕۆژانی (١٥-١٦ی تشرینی دووەمی ١٩١٨) دا هاتنە شاری سلێمانی یەوەو هەر وەك خۆی باسی لێوە کردوە بەشێوازێکی گەرم وگوڕ بە پیریەوە چوون . بەلام لەبارەی شاری سلێمانی ئەوکاتەوە وای گێڕاوەتەوە، لەوهەل و مەرجەدا، نەداری ، هەژاری ، کەمی خۆراك و برسێتی بالی بەسەرشاردا کێشابوو . هەر بۆیە کەوتۆتە ئەوەی بروسکە بۆویلسۆنی فەرمانڕەوای بەریتانی لە بەغدا بکا خۆراك و یارمەتی پێویست بگەیەننە دانیشتوانی شار و کارێکی ئەوتۆش بکەن کە برێك تۆوی کشتوکالی بەسەر جوتیارەکاندا دابەشبکرێ[٧].

دیاردەیەکی لەو بابەتەش بەزۆری بەهۆی هەلگیرسانی جەنگ و ئەو تالانکاریانەوە بوە کە تورکەکان لە کۆتایی یەکانی جەنگی یەکەمدا بەسەر کۆمەلانی خەلکدا هێنا بوویان ، بەڕادەیەك شار وای لێ هاتبوو لاشەی دانیشتوان لە سەرجادە و ناو دارو پەردووی مالە چۆلەکان کەوتبوون . سلێمانی هەرسێیەکی ژمارەی دانیشتوانی پێش جەنگی تێدا مابووەوە[٨].

تەوەری یەکەم/ ڕاگەیاندی حوکمداریەتی یەکەمی شێخ مەحموود کۆتاییەکانی ١٩١٨ :-

لەو کۆبوونەوە جەماوەریە گەورەیەشدا کە لە بەردەرگای سەرای شاری سلێمانی ، بۆ ڕێو ڕەسمی دانانی شێخ مەحموود ڕێکخرا بوو، بۆ ئەوەی بە حوکمداری کوردستان بناسرێ . ژمارەیەکی زۆر لە پیاو ماقوولان و زانایانی ئایینی و سەرۆك هۆزەکان و خەلکی جۆر بە جۆر تیایدا بەشدارو ئامادەبوون ، سەرەتا مێجەر نوئێل بە ناوی حاکمی گشتی بەریتانیاوە لەعێراق وتارێکی بە زمانی فارسی خوێندەوەو ئەوەی ڕاگەیاند کەلێرە بە دواوە و بە فەرمانی حاکمی گشتی بەریتانیا (ئارنۆلد ویلسۆن) شێخ مەحموود ئەبێتە حوکمداری کوردستان و شاری سلێمانی پایتەختی ئەو حوکمداریەتە ئەبێ . دواتریش لە ئە نجامی ئەو کۆبوونەوەی کە لەمالی شێخ مەحموود بە ڕێوە چوو کەوتنە ئەوەی کار بۆ پێك هێنانی حکومەتی نوێ بکەن ، لەلایەن ئامادە بوانیشەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە بۆ ڕایی کردنی کارو باری حکومەت : سەید عومەری بەرزنجی مامی شێخ مەحموود بکرێتە موتەسەریفی شاری سلێمانی و شێخ حەسەن بەرزنجی مامی دووەمی کارو باری شەرعی بدرێتێ. هاوکات شێخ قادری برای شێخ مەحموود پۆستی فەرماندەیی سوپای پێ بسپێردرێ . واتە دام و دەزگای حکومەت بەزۆری لەو کەسایەتیانە پێك هاتبوو کە بە تەواوی نزیك بوون لە شێخ مەحموود و بنەمالەی شێخ مەحموودەوە .سەرەڕای بڕینەوەی موچەیەکی مانگانەی (١٥٠٠٠) پازدە هەزار ڕوپیەیی بۆ شێخ مەحموودی حوکمداری کوردستان ، کە لەو دەمانەدا دەیکردە نزیکەی(١٢٢٥) جونەیهی ئەستەرلینی[٩].

یەکێکی دی لەهەنگاوەکانی بەریتانیا ئەوەبوو (مێجەر نوئێل)یان بە ڕاوێژکاری سیاسی شێخ مەحموود و (مێجەر دانلیس) یان بە ڕاوێژکاری سەربازی و دارایی دانا، هەروەها لەم چوار چێوەیەشدا دەبوایە شێخ مەحموود و کاربە دەستانی حوکمداریەتەکەی لە ژێر چاودێری و بە پرسی کاربەدەستانی بەریتانیا کارو باریان ڕایی بکردایە کەئەمەش بۆخۆی

هەرلەهەنگاوەکانی سەرەتاوە کێشەی لە نێوان شێخ مەحموودو کاربەدەستانی بەریتانیادا هێنایە کایەوە(١٠). چونکە هەر لەم کاتەوە کەسێکی وەك مێجەر نوئێلْ کەوتە سیاسەتی پاکسازی لە ناوچەکەدا و دورخستنەوەی، هەموو ئەوانەی کـە هـەواداری تورکەکان بوون لە کاروباری بەڕێوەبردندا . ئەمەش زیاتر لە ژێر چاودێری ئەو ئەفسەرە بەریتانیانەدا جێ بەجێی دەکرد کە خۆی دەسنیشانی دەکردن سەرەڕای ئەوە یەکێکی دی لە کارەکانی نۆئێلْ ئەوە بـوو وا لـە سـەرۆك هۆزەکـانی ناوچـەکە بکـا لـە ڕێگای شێخ مەحموودو دەسەلاَتەکەیەوە بەرامبەر بە بەریتانیا بەرپرسیاربن لـە هەرگۆڕانکاریـەك و لـە هەمانکاتیـشدا وەك هەرفەرمانبەرێکی حکومەت مووچەی گونجاویان بۆ بڕایەوە(١١).

بەماوەیـەك دوای ئـەوەی کـە حکومداریـەتی یەکـەمی شـێخ مـەحموود لـە شـاری سـلێمانی دا ڕاگەیـەنرا و دەسـتی بەبەڕێوەبردنی کـارو بـاری بەشـێکی باشووری کوردسـتان و نـاوچـەکە کـرد .سـەبارەت بەچـاودێری کردنـی بـارو دۆخەکـەش (ئارنۆڵد ویلسۆن)ی فەرمانڕەوای بەریتانی لە عێراق لە ڕێگای فڕۆکەیەکەوە و بە یاوەری (کابتن بیلْ) کە دواتر بە جێگـری ئەفسەری سیاسی بەریتانی لە سلێمانی دەسنیشانکرا لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨ەوە گەیـشتنە سلێمانی و کۆبوونەوەیـەکی گەورەی لەگەلْ شێخ مەحموودی حوکمداری کوردستان و نزیکەی (٦٠) سەرۆك هۆز و کەسایەتی ناوداری ئەو دەمانەی ناچەکەدا کرد، بەجۆرێ بەشێك لەو کەسایەتیانە کە بەنوێنەرایەتی خێلە کوردیەکانی نیشتەجێی ئێرانی قاجاری (١٧٩٦-١٩٢٥) لـە ڕۆژهەلاَتی کوردستان و بەتایبەتی لەشارو ناوچەکانی سنەوسەقزو هەورامانـەوە، هاتبوونـە سلێمانی و ئـارەزووی ئـەوەیان دەکرد، پەیوەندی بەم حوکمداریەتەوە بکەن. بەلاَم بەهۆی پەیوەندیەکانی نێوان بەریتانیا و ئێرانی قاجـاری ئەودەمانـەوە ویلسۆن لەگەلْ بۆچوونی لەوجۆرەدا نەبوو(١٢). بەلاَم وەکتر لە چوار چێوەی کۆبوونەوەکەداو لەلایـەن ئامادەبووانـەوە، گـەلێك بابـەت وروژێنـرا بۆنموونـە کەسـایەتی و سـەرۆك هـۆزی، ئـەوتۆ هـەبوو لەگـەلْ ئـەوەدا بـوون، کـە ناوچـەکە بەشـێوازێکی ڕاستەوخۆ، لەلایەن بەریتانیاوە بەڕێوەببرێ و هی واشیان هەبوو دژی ئەم بۆچوونەبوون. لەلایەکی دیشەوە خـەلکانی ئـەوتۆ هەبوون تەنانەت دەسەلاَت و حکومداریەتی شـێخ مـەحموودیان، بـە دلْ نـەبوو و بەبـەردەوامی کەوتبوونـە دژایـەتی کردنـی، کەچی لەولاشەوە شێخ مەحموود هێندە دلی بەحوکمداریەت و ئەو هاوکاریانە خۆشبوو کە بەریتانیا لەسەرەتای دەسـەلاَتیەوە بە تەنگیەوەدەچوون و ئاسانکاریان بۆ دەکرد. بەڕادەیەك لەکاتی هاتنی (ویلسۆن)دا بۆشاری سلێمانی، گەیـشتە ئـەوەی کـە داوای ئەوەیان لێ بکا، نەك تەنها لەڕووی ئیداری و پەرەپێدانی ئیدارییەوە هاوکاری بکەن ، بەلْکو کارێکی واش بکەن چـەند ئەفسەرێکی بەریتانی دا بمەزرێنن و ڕاسپێردرێن بەوەی لەڕووی سەربازی و کارو باری سـەربازی یـەوە، چـەکدار و سـەربازانی کورد ڕابهێنن ، هاوکات کارلەسەر ئەوەش بکەن کە لەدام و دەزگاکانی ناوچـەکەدا ، لـە جێگـای نەتـەوە و ڕەگـەزەکانی تـر و بە پێی توانا، ئەوانەدا بمەزرێنن کە لەڕەگەزی کوردن(١٣) . هەروەها کار بۆ ئەوە بکرێ ، زمـانی کـوردی ، زمـانی ڕەسمـی بێـت و بەریتانیا هەولْ بۆئەوەبدا ، ئـەوجۆرە یاسـایە کـارپێ بکـرێ کـە لەگـەلْ داب و نـەریتی ناوچـەکەدا بگـونجێ و، ڕێزلـەدابی کۆمەلاَنی خەلْك بگیرێ ، ویلسۆنیش سەرەڕای ئەوەی بەخۆشحالی یەوە، گوێی لە داواکاریەکانی کورد گرت و پێـشکەوتنی دام ودەزگای حکومەتی کوردستانی پێ خۆشبوو . هاوکات لـە پـەیامێکی نووسـراویدا ئاشکرای کـرد رێ لـەهیچ هێزێکـی هـەرێمی نێوان زێی گەورەو ڕووباری سیروان ناگیرێ، بێنەژێر ئالاَی شێخ مەحموودەوە، کە لەبری حکومەتی بەریتانیا بەڕێوەی ئەبـات و پشتیوانیەکی مەعنەوی ئەکرێ(١٤).

یەکێك لەوهەنگاوانەش کە لە دەورانی یەکـەمی ، حوکمداریـەتی شـێخ مـەحمووددا و، لـەبواری دیبلۆماسـی دا هـەنگاوی بۆنرا ، هەوڵدان بوو بۆئەوەی نوێنەری کوردیش لە کۆنگرەی ئاشتی دا کە لە سەرەتـاکانی سالی ١٩١٩دا لە پاریـسی پایتـەختی فەرەنسا بەڕێوەچوو بەشداربێ . وەك ئەوەی بۆ ئەو مەبەستە شـەریف پاشـای کـوڕی سـەعید پاشـای خەنـدان (١٨٦٥-١٩٥١) دەسنیشانکرا و، لە سلێمانیشەوە گەلاَڵە نامەیەك ئامادەکرا، بۆ ئەوەی لە ڕێگای هەریەك لـە : ڕەشید زەکـی کابـان (١٨٧٨-١٩٤٠/٨/١٣) و سەید ئەحمەدی بـەرزنجی (١٨٨٨/٥/١٨-١٩٦٦/٦/١٥)دەوە. بگەیەنرێتـە شـەریف پاشـای خەنـدان ، بـەلاَم بـەهۆی دەسگیرکردنیانەوە، لەبەیروت و لەلایەن فەرەنسیەکانەوە، نەیانتوانی بگەنە شوێنی مەبەست . هەرچـەندە شـەریف پاشـا، دوای ئەوەی لەلایەن کوردانی باکورو باشووری کوردستانەوە، سیقەی تەواوی درایە بۆئـەوەی نوێنەرایـەتی کـورد بکـا ، لـەو

ماوەیەدا توانی دوو یادداشتنامە یەکەمیان لە :(١٩١٩/٣/٢٢) بەزمانی ئینگلیزی و دووەمیان لە :(١٩٢٠/٣/١) بەزمانی فەرەنسی بگەیەنێتە ئەنجومەنی بالآی کۆنگرەی ئاشتی . جا لەبەر ئەوەی لەلایەن ولآتانی هاوپەیمانەوە وەك نوێنەرێکی فەرمی نەناسراو کۆسپی خرایە پێش ، بۆیەبەناچاری یەوە، لە٢٧/٤/ ١٩٢٠ەوە دەستی لەو نوێنەرایەتیە کێشایەوە. واتە پێش مۆرکردنی پەیماننامەی سیڤەری١٠ی ئابی ١٩٢٠ بەسێ مانگ و نیو لەلایەن هاوپەیمانانەوە[١٥].

لەوماوەیەشەوە کە شێخ مەحمود، دەسەلآتی گرتبوە دەستەوە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەلێك کێشەی ناوخۆیی بۆهاتبوەکایەوە ، لەگەلْ ئەوەشدا گەلێك هۆز و ناوچەی باشووری کوردستان نەیاندەویست بچنەژێر دەسەلآتیەوەو ، شانبەشانی ئەوەش خۆی سیاسەتێکی جێگیر و دروستی نەبوو بەرامبەر بەبەریتانیا و ئەوبارودۆخە ناوچەیی و نێودەولەتیەی کەلە کۆتایی هێنانی جەنگەوە هاتبوونەکایەوە. بۆنمونە هەندێك جار، بیری لە پێکهێنانی دەولەتێکی کوردی، سەربەخۆ دەکردەوەو داواشی لەبەریتانیا دەکرد ، ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی فروانتر بکرێتەوە. بەجۆرێك لە خانەقینەوە تاشەمزینان و لە زنجیرە چیاکانی حەمرینەوە، تادەگاتە سنوورەکانی ئێرانی ئەوکاتە لەژێر دەسەلآتیدا بن ، ئەمەش بۆخۆی وای کردبوو فەرمانڕەوایانی بەریتانیا، زیاتر بەخۆیاندا بچنەوە، بەرامبەر بەم داواکاریانە و لە هەمانکاتدا لێکدانەوەیەکی ئەوتۆیان بەوەدەزانی، کەئەمەجۆرەلادان و سنوور بەزاندنێك بێت، بەرامبەر بەسیاسەتی بەریتانیا لەناوچەکەدا. بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەمەش یەکێك لەهەنگاوەکانی بەریتانیا جیاکردنەوەی ناوچەی کفری وکەرکوك بوو، لەلیوای سلێمانی و پێکهێنانی لیوای کەرکووك لەمارتی ١٩١٩دا[١٦].

بە هەمان ڕێڕەو یەکێکی دی لە هەنگاوەکانی بەریتانیا بەرامبەر بە فراوا نخوازی و سنوور بەزاندنی شێخ مەحمود بەبۆچوونی بەریتانیا ئەوەبوو سنوورێك ، بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلآتی دابنرێ ، سەرەڕای ئەوەش هانی ئەو سەرۆك هۆزانە بدرێ ، بۆدژایەتیکردنی کەخۆیان بەنەیاری دەزانی.ئینجا کارکردن لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە بەڕێوەبردنی ناوچەکە، بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ لەلایەن بەغداوە بەڕێوەبچێ. بۆئەم مەبەستە ئەرنۆلد ویلسۆن داوای کرد ، کۆبوونەوەیەك بۆ حاکمە سیاسیەکانی بەریتانیا، لە مارتی ١٩١٩دا لە بەغدا ببەسترێ ،وەك ئەوەی : مێجەر نوئێل ، کۆلۆنێل لچمن ، مێجەرسۆن، غۆردن ، وۆکەر و لیزی تیایدا بەشداربوون. لەئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەشدا بڕیاریاندا وردە وردە دەسەلآتی شێخ مەحمود چرپکرێتەوە و نۆئێل لە ناوچەکە و ڕاوێژکاریی شێخ مەحمود، دوربخرێتەوەو ئینجا مێجەرسۆن جێگای بگرێتەوە. سەرەڕای ڕێگەدان بەو ناوچەو هۆزانەی کەگرێ درابوون، بە دەسەلآتەکەی شێخ مەحموودەوە، بۆ ئەوەی لێی جیا ببنەوە[١٧]. کەسێکی وەك مێجەرسۆنیش لەناوەندەکانی مارتی ١٩١٩دا ، کرایە فەرمانڕەوای باشووری کوردستان وشاری سلێمانی ، مێجەر نۆئێلیش لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە ڕاسپێردرا، گەشتێکی باکوری کوردستان بکا. لێرە بەدواوە بارودۆخی سلێمانی ودەوروبەری ئالۆزیەکی زیاتر و گیروگرفتێکی زیاتری بە خۆوە بینی، بە هۆی ئەوسیاسەتە سەرسەختانەی کە سۆن دژی شێخ مەحموود، دەستی پێکرد،وەك ئەوەی میستەر لاین دەلێ: هەردووکیان زۆر ڕقیان لێکدی دەبووەوە[١٨]. بە تایبەتی لەوکاتەوە کەسۆن پەیوەندی کردە هۆزی گەورەی جافی ناوچەی هەلەبجەو کفری و کەلارو هۆزی هەمەوەندی ناوچەی چەمچەمالەوە ، ئەوەی پێ ڕاگەیاندن ، کەلەمە بەدوا ئەوان سەر بەدەسەلآتی شێخ مەحموود نین و لە ناو لەشاری سلێمانیشدا کەوتە فشارخستنە سەر هەمووئەوفەرمانبەرانەی کەلەلایەن شێخ مەحموودەوە، کارو باریان پێ سپێردرابوو کە دەست لەکارەکانیان هەلگرن و خەلکانی دی لە شوێن دانان[١٩].

لەوکاتەشەوە کەمێجەرسۆن لەسلێمانی و دەورو بەریدا، دەسەلآتی کەوتبوە دەستەوە، بەو شێوازی توندو تیژیەوە دەجولآیەوە کە دەیەویست ڕۆژ بەڕۆژ شێخ مەحموود پەراوێز بخاو، لە چوارچێوەیەکی دیاری کراودا سنوور بۆ دەسەلآتی دابنێ. کەچی لەولاشەوە کەسێکی وەك (کابتن لیزی) لە ١٥ی مارتی ١٩١٩ەوە نێردرایە کفری و بەهەمان ڕێڕەوی مێجەر سۆن لەوناوچەیەدا کەوتە چالاکی سیاسی یەوە، بۆ دژایەتی کردنی شێخ مەحموود و ئەوانەی خۆیان سەربەدەسەلآتەکەی ئەودەزانی[٢٠]. بەڕادەیەك کارگەیشتە ئەوەی لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە ئەوموچەیەش کە بۆشێخ مەحموود بڕابووەوە، بەبیانووی ئەوەی کە کورتهێنان لەبۆجەو داهاتی دارایی دایە.مووچەکەیان لە (١٥٠٠٠) پازدە هەزار ڕوپیەوە

کەمکردەوە بۆ (١٠٠٠٠) دەهەزاری ڕوپیەی ئەوکاتە[٢١]. واتە هەموو ئەوسیاسەتەی بەرپرسانی بەریتانیا، گرتبوویانەبەر بە مەبەستی لەقاڵبدانی دەسەڵات و حوکمداریەتەکەی، بە تەواوی بەلای ئەوەی دا دەبرد، کەلەمە بەدوا لایەنی لێك گەیشتن و گفتوگۆ دادێکی ئەوتۆی نادا، بەڵکو کەوتە ڕاوێژکردن لەگەڵ زۆرێك لەوانەی کە لێوەی نزیك بوون و پشتگیریان لەدەسەڵاتەکەی دەکرد، بۆئەوەی بتوانێ لەڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە بەتەواوی دەس بەسەر ناوچەکەدا بگرێ. یەکێك لەوکەسایەتیانەش کەشێخ مەحموود ویستی هانای بۆبەرێ، کەسایەتی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحموود خانی دزڵی (١٨٧٠-١٩٤٦) بوو کە لە ناوچەی هەورامانەوە، هاتەسەر سنوور، لەڕۆژی ٢٠ی مایسی ١٩١٩دا بە لەشکرەکەیەوە گەیشتە سەرکەلی گۆیژەو چاوەڕوانی فەرمانی حوکمداری کوردستان بوو[٢٢]. هەرچەندە بۆبەرپەرچدانەوەی ئەم هەنگاوەو، ئاگادارکردنەوەی شێخ مەحموود لە هاتنی خانی دزڵی، مێجەر سۆن نامەیەکی ،ئاراستەی شێخ مەحموود کردو لەبارو دۆخەکە ئاگاداری کردەوە. وەك لەبەشێکی دا هاتوە:((بیستومانە مەحموودخانی دزڵی بەلەشکرێکی زۆری چەکداری هەورامی یەوە گەیشتۆتە شاربازێڕ.دێن بۆدیدەنیتان .تکایە تێی بگەیەنن . پێویستە تەنیا خۆی و دەکەس زیاتر نابێت بێنە ناو شار و بەبێ چەك .ئەگەر چەکیان پێ بێت ئەبێت هەر لەڕێوە چەکەکانیان ببەنە پۆلیسخانە و خۆیان بێ چەك بکەن ...))[٢٣].

بەڕادەیەك بارودۆخەکە وای لێهات نەشێخ مەحموود و نەخانی دزڵی گوێیان بەنامەو دواکاریەکەی سۆن نەداو، خانی دزڵی لەشەوی ٢١ی مایسی ١٩١٩ دا بەرەو سلێمانی بووەو، بە هاوکاری هێزەکانی شێخ مەحموود، توانیان لە ٢٣ی مایسدا، دەست بە سەرشاردا بگرن .بەڵام مێجەر سۆن بە بیانووی پێشوازیکردن لە خێزانەکەی کە لەبەسرەوە دەهات پێشتر خۆی گەیاندبوە کەرکوك و کارو باری شاری دابوە دەستی جێگرەکەیەوە کە(گرینهاوس) بوو . بەم جۆرە سلێمانی دەستی بەسەردا گیرا و، ئاڵای ئەوکاتەی کوردستان، لەوشارەدا بەرزکرایەوە.هاوکات ژمارەیەکی زۆر سەرباز و بەرپرسانی سەربازی بەریتانی بەگرینهاوسیشەوە هەموو لەلایەن هێزەکانی شێخ مەحموودەوە، بەدیل گیران و بەڕێزەوە لەکۆشکی حوکمداریەتدا دانران . هەروەها بەشێکی دی لەمەئموورو سەربازەکانیان لە(دەبۆکە)ی شار دەست بەسەرکران .سەرەڕای ئازادکردنی بەشێکی تریان، دوابەدوای ئەمە شێخ مەحموود، بروسکەیەکی ئاراستەی ئەرنۆڵد ویلسۆنی فەرمانڕەوای بەریتانی لەبەغدا کردو بۆی دەنووسێ:((کورد لە وزەی دا نەما و ئیتر بە قسەی ئێوە تەفرە ناخوا و بۆ ئازادی دەست درایە چەك، گیانی هەمووپیاوەکانتان لە ژێر دالدەی خۆمدایە...)) و بەڵێنی ئەوەشی دانێ کەڕۆحیان پارێزرا ودەبێ[٢٤]. دوای ئەوەی کە سلێمانی و ناوچەکە کەوتنە ژێردەسەڵاتی شێخ مەحموودەوە، بە پێی فەرمانێك، کە لە٢٢ی مایسی ١٩١٩ەوە بڵاوی کردەوە، دەستەیەکی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت، بەسەرۆکایەتی حاجی سەید عومەر و ئەندامێتی: ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ،سەید کەریمی سەید ئەحمەد، شێخ عەلی سەرکار، حەمەئاغای ئەوڕەحمان ئاغا، ساڵح پاشا،حەمە بەگی قادر پاشا وئەحمەد سەبری خواجە دەسنیشانکرد.هەروەها دوابەدوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەسلێمانی و باشووری کوردستاندا هاتنە کایەوە ویلسۆن لە ڕێگای فڕۆکەیەکەوە هاتە سەر سلێمانی . بەڵام بەهۆی ئاڵۆزی بارو دۆخەکەوە شتێکی ئەوتۆی پێ نەکرا. ئینجا بە مەبەستی ڕزگارکردنی مولازمی فڕۆکەوان و حاکمی هەڵەبجە(لیزی) سەردانی ئەو شارەی کرد، کەچی لە مەشیاندا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بۆیە بەناچاری یەوە گەڕایەوەو لیزیش بە هاوکاری (عادیلە خان)ی خانمی وەسمان پاشای جاف خۆی گەیاندە خانەقین ولە کۆتایی یەکانی ئایاری ١٩١٩دا هەڵەبجەش کەوتە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموودەوە[٢٥].

تەوەری دووەم/ شەڕی دەربەندی بازیان و کۆتایی یەکەم حوکمداریەتی شێخ مەحموود ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩:-

فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لەعێراق، بۆ ئەوەی دووبارە دەست بەسەر ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستاندا بگرنەوە ، بە تایبەتی ئەو ناوچانەی کەلە ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحموودا بوون . کەوتنە پلان و داڕشتنەوەی نەخشەیەك، کەچۆن خۆیان بگەیەننەوە ناوچەکە و ئەوفەرماندانەیان، کە لەلایەن شێخ مەحموودەوە دەسبەسەرکرابوون، ئازاد بکەن. بۆ ئەم مەبەستە سەرکردایەتی سوپای بەریتانیا لەعێراق لە٢٤ی ئایاری ١٩١٩ەوە، داوایان لە(مێجەر بۆمبی) فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا لە کەرکوك کرد بەهێزێکەوە، بگاتەچەمچەماڵی نێوان کەرکوك و سلێمانی ، ئەمیش بە کۆمەڵێك سوارەو

هێزی (لیڤی) دوە، کەئامادە کرابوون بە زرێپۆش و ئۆتۆمبیلی ڕەشاش هەلگری پێویست ، بەرادەیەك ئەمانە زۆر بەلوت بەرزیەوە نیازی ئەوەیان هەبوو بەرەو ناوچەکانی سەرووتر و تەنانەت شاری سلێمانی بینەوە، هەرکە هەواڵێکی لەو بابەتە گەیشتە شێخ مەحموود ، فەرمانی دا بەوەی ڕووبە ڕوویان ببنەوە. بە تایبەتی لەکاتی گەیشتنیاندا بۆ (دەربەندی تاسلۆجە) بۆئەم مەبەستە، ژمارەیەك لە پیاوانی ئەو هۆزانە، پەیوەندیان پێوەکرد، کە پشتگیریان لەشێخ مەحموود دەکرد و خۆیان بە هەواداری ئەودەزانی، لەسەرووی هەموویانەوە کەسایەتی و پیاوانی سەربە عەشیرەتی ئیسماعیل عوزێری کەیەکێکە لە تیرەکانی هۆزی جاف و کەریم بەگی فەتاح بەگی سەرۆکی هەمەوەند و ژمارەیەك لەسوارەکانی هۆزەکەی ، ئەوە بوو لە ڕۆژی دواتردا واتە ٢٥ /١٩١٩/٥ دا هێزەکانی شێخ مەحموود لەگەڵ بەریتانیەکاندا کەوتنە شەڕەوە و یەك ڕۆژی تەواوی خایاند، ئەنجامەکەی، بەتێك شکانی، هێزەکای بەریتانیا کۆتایی هات و، بە پێی سەرچاوەکانی ئینگلیز خۆیان چوارزرێپۆش و نۆزدەئۆتۆمبیلی فۆردیان تێکشکێنران و کوژراوێکی زۆریان لێ بەجێما[٢٦].

دوای شەڕی تاسلوجە، کە هێزەکانی شێخ مەحموود تیایدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بە تەواوی :((ترسیان شکا وخۆیان بۆ کەرکووك ئامادەکرد..)) فەرمانڕەوایانی بەریتانیاش ئەم شکستەیان بەنەنگیەکی گەورە دەهاتە بەرچاو بۆخۆیان و بۆهێزەکانیان کەلە دێرزەمانەوە بەخاوەنی ئەزموون و تەجرو بەیەکی گەورەی جەنگی ناسرابوون . جا بە مەبەستی دووبارە گرتنەوەی سلێمانی و تۆڵەکردنەوەی خۆیان :((هێزێکی سەربازی گەورەیان لە کەرکووکەوە گەلاڵە کرد و بەچەك و تفاقێکی زۆرەوە ڕەوانەی سلێمانیان کرد)). یەکێك لە فەرماندەسەربازیە بەناوبانگەکانیان کردە ڕێبەری ئەوهێزەیان کە جەنەراڵ فرێزەری فەرماندەی تیپی هەژدەیەمی مووسڵ بوو بەناوی :((هێزی کوردستانی باشوور))[٢٧]وە بەرەو ناوچەکە پێشڕەویان کردو لەدەور و بەری ١٧ی حوزەیرانی هەمانساڵدا، گەیشتنە چەمچەماڵ و بۆ ڕۆژی دواتر لە (دەربەندی بازیان) گەورەترین ڕووبە ڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان هێزەکانی بەریتانیا و سوارەو چەکداری کورددا ، بەڕێبەرایەتی شێخ مەحموود دەستی پێ کرد.ئەو هێزە گەورەی بەریتانیا کە بەزۆربەی چەك و تەقەمەنی ئەو ڕۆژگارە ساز و ئامادە کرابوون :((لە ناکا و کەوتە هێرش و لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەموو شت بڕایەوە. شۆڕشگێڕانی کورد زۆرخراب شکان ، چل و هەشت کەسیان لێ شەهید بوو ، ژمارەیەکی گەلێك لەوە زۆرتریان لێ بریندار بوو . یان بەیەخسیری کەوتنە دەستی ئینگلیزەکانەوە...)) .تەنانەت شێخ مەحموود خۆشی، یەکێك بوو لەوانەی لەوشەڕەدا بە دیلی کەوتە دەستی ئینگلیزەکانەوە .دوای ئەوەی لاقێکی ولای کەمەریەوەوهەندێش دەڵێن : لای کەمەریەوە ئەنگێورا بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە تائەمڕۆ بە بەردە قارەمان ناسراوە[٢٨].

دوای سەرکەوتنی سوپای بەریتانیا لە (دەربەندی بازیان) دا و بەدیل گرتنی شێخ مەحموود کەسێکی وەك جەنەراڵ فرێزەر کەوتە تاقیبی ئەو ئەفسەرو دەرەجە دارانەیان کە پێشتر لە شاری سلێمانی دا گیرابوون و لەلایەن شێخ مەحموودەوە، دەس بەسەرکرا بوون ، بۆ ئەم مەبەستە لە شەوی ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٨دا هێزێکی تایبەتی بەڕێکرد ، بە سەرکردایەتی مولازم (دینهەی) بۆ ئەوەی ڕووبکاتە سلێمانی، وەك ئەوەی لە سەعات حەوتی تەواو گەیشتە شار و یەکەم کارێك، بەجێی هێنا بەردانی گیراوەکانیان بوو کە لە(دەبۆکە) ی شار دەست بەسەر بوون ، ڕۆژی دواتر لەسەعات دوازدەی نیوەڕۆ جەنەراڵ فرێزەر بێ هیچ بەرگریەك توانی بچێتە ناو شاری سلێمانی یەوە[٢٩]. شێخ مەحموودو ئەوانەشی کەبەدیلی کەوتنە دەستی سوپای بەریتانیاوە لە ناوچەکە دوورخرانەوە، سەرەتا بۆ کەرکوك و دواتر بەغدا . شێخ مەحموود بەهۆی برینەکەیەوە ، برایە خەستەخانە بە مەبەستی چارەسەرکردن و خۆشبوونەوەی برینەکەی. بەڵام ئەوانی دی واتەکەسانی وەك: قادر ئەفەندی قەرەداخی، عیزەت تۆپچی، قالەی ئایشە خان، ڕەشید جەودەت ، ڕەشید غەفوور، ،ئەدهەم ئەفەندی و عەلی یاوەر و کەسانی دی لەوانە بوون کەڕۆژانە کاری قورسیان پێ دەکرا و شێخ مەحموود و شێخ حمە غەریب لە سەربازگەی (هنێدی-ڕەشید) خرانەزیندانەوەو دواتر لە ٢٥ی تەمووزی ١٩١٩دا درانە دادگایەکی سەربازی بەریتانی، بە زۆری ئەو تۆمەتانەشی درایە پاڵیان بریتی بوولە :

١- ڕاست بوونەوەو ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکدارانە بەرامبەر بەبەریتانیای گەورەو ڕژاندنی خوێنێکی زۆر.

٢-داگرتنی بەیداغی حکومەتی بەریتانیاو دڕاندنی و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان.

بەرامبەر بەو خاڵانەشی کەدرابوونە پاڵی شێخ مەحموود زیرەکانە توانی داکۆکی لە خۆی بکا و لە رووی دادگـادا بڵـێ:(ڕاست بوونەوەو ڕا پەڕینم بەرامبەر بە ڕەفتارو کردەوەی ناڕەوای ئینگلیز و بێ بەڵێنیان بووە بـە رامبـەر بـەکورد...) هـەروەها یەکێکی دی لە داکۆکیەکانی ئەوەبوە کەئەو بە پێی بنەماکانی گەلاڵە نامەی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا تۆماس ودرۆ ولـسن (١٨٥٦-١٩٢٤) کـە بەنـدی دوازدە یەمینیـەتی، بـەرگری لـە مـافی گەلەکـەی کـردوەو دژی بـەریتانیا کەوتۆتـە جەنگەوە[٣٠].لەم دادگایی کردنەشدا چەند کەسایەتیەك لەکوردستان و بەتایبەتی شاری سلێمانی بـەیاوەری (کـابتن بۆنـد) داوای ئەوەیان لێکرا بەمەبەستی شـایەتی و ئـاگـاداربوون بـچنە بەغـداو لـەو دادگـایی یـەدا ئامـادەبن کەشـێخ مـەحموودی تێوەگلابوو لەوانە :((حاجی مەلا سەعیدی کەرکوکی زادە، عیزەت بـەگی وەسمـان پاشـای جـاف، شـێخ نـەجیبی قـەرەداخی، عەونی ئەفەندی یوزباشی ، حەمەبەگی قادر پاشا ، حاجی ئاغای حەسەن ئاغا و میرزا فـەرەجی حـاجی شـەریف)).کەچـی شێخ مەحموود سەرەڕای هەموو ئەو فشارەی لەکاتی دادگـایی کردنەکـەدا خرابـوە سـەری و بەشـێوازێکی دیلـی و بەبرینـداری کەوتبوە دەستی دوژمنە سەرسەختەکانی یەوەو بەزۆری فەرماندەکانی ئینگلیز لەسەرئەوە کۆك بوون کەڕۆژێ زووتر لەسـێدارە بدرێ . بۆئەوەی لەکۆڵیان بێتەوە .بەڵام ئەو زۆر بەورە بەرزی و نە پەشۆکاویەوە ڕووبە ڕوویان بوەوە و تەنانەت بەرامبەر بـە شایەتەکان کەهەموویانی لە نزیکەوە دەناسی :((سروشتی مەردانە و دلێرانە بوو ، لەنیگاکانیا وا ئەخوێندرایەوە کـە هـیچ نرخێکیان ناداتێ و بەسوك دەهاتنە بەرچـاوی .داخـی ئـەوەی دەخـوارد کـورد لای بێگانـە شـایەتی لێ ئـەدا.ماتـەمینی ئـەوە گرتبووی کەکۆت و زنجیری ئینگلیز پەکی خستبوو، نـەی ئـەتوانی بیـان پلیـشێنێتەوە...))[٣١]. دوا بڕیـاری دادگـا کەهـەموو دادوەرەکانی ئینگلیز بوون حوکمی لەسێدارە دانیان بەسەردا سەپاند ، کەچـی دواتـر حوکمەکـەی گـۆڕا بـە دورخـستنەوەی بـۆ ماوەی دەساڵ و شێخ حمە غەریبیش حوکمی پێنج ساڵ بەندی و پێبژاردنی (١٠) دە هەزار ڕوپیەی بەسەردا سـەپێنرا و پێکـەوە نێردران بۆ هیندستان و دواتر دورگەی(هە نجام)ی دەروازەی تەنگەی هورمز بەرامبـەر کـەنارەکانی دورگـەی قەشـم بـە ڕووی ئێران و مێرنشینی فجێرە بەلای ئۆقیانۆسی هیندی دا[٣٢].

دوا بەدوای ئەمە هێزەکانی بەریتانیا گەڕانەوە سلێمانی و لەولاشەوە ئەو هێزانەیان کە لەشاری خانەقینەوە بە ڕۆخـی سیرواندا، بۆ شاری هەڵە بجە هاتبوون توانیان دەستی بەسـەردا بگرنـەوە .بـەڵام لـە شـاری سـلێمانی دا تـاڵانیـەکی زۆر کـرا بەتایبەتی لەو ماڵانەی کە نزیك بوون لە شۆڕش و شێخ مەحموودەوەو، بنەماڵەی شێخ مـەحموودیش بـەڕووکاری ڕۆژهـەڵاتی کوردستاندا ئاوارە بوون . بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی هەورامان و لەوێشەوە ماوەیـەك چـوونە بانـەو سـەقزو پاشـان بـۆ وانـی باکوری کوردستان ، لەوێشەوە ماوەیەك چوونە چاریەی ژێر دەسەڵاتی ئیسماعیل ئاغـای شـکاك . هەرچـەندە لـەو دەمانـەدا سمکۆ ئاغای شکاك خۆی بەتەواوی یاخی بوو، لەفـەرمانڕەوایانی ئێرانـی قاجـاری و، کێـشەو گرفتێکی زۆری هـەبوو، کەچـی لەسەرئەوەشەوە:(وازی لە میوانە دەربەدەرەکانی نەهێنا وکەمەری خزمەتی بۆ بەستن) هەرکە ماوەیـەکیش سمکـۆ لـە تـاو هێرشی سوپای ئێرانی پەنای بردەبەر ناوچەی هەکاری بەشی باکوری کوردستان ئەمانیشی لە گەڵ خۆی برد[٣٣].

تەوەری سێیەم/ بارودۆخی باشووری کوردستان پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحموود:-

لەو کاتـەوەی شێخ مەحموود لە باشووری کوردستان و بە تایبەتی شـاری سـلێمانی، دەسـەڵاتی گرتبوەدەست، کۆمـەڵێك گۆڕانکـاری جـۆر بـەجۆر بـەهۆی هەڵگیرسـانی جـەنگی یەکەمـەوە لـەعێراق و ناوچـەکەدا هـاتبوە کایـەوە، زۆرێـك لـەو گۆڕانکاریانـە، دوای لـەباربردنی حوکمداریـەتی یەکـەمی و دورخـستنەوەی لـەولات درێـژەی هـەبوو لەوانـە: بـەرپابوونی ڕا پەڕینی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠ لە ناوچەکانی باشوورو ناوەندی عێراقـدا . هـەروەها ئـەو ڕا پەڕینانـەی کـە لەناوچـە کـورد نـشینەکاندا ، سەرچـاوەیان گـرت لەوانـە: ڕا پـەڕینی ئیبراهیم خـان ٢٢ ئـابی ١٩٢٠ لـە کفـری ، ئینجـا ئەوانـەی لـە شـارو ناوچەکانی خانەقین ، خورماتوو و شاری کەرکوك و تەنانەت هەموو ئەوانەشی کە لەشارو ناوچەکانی هەولێر و بادینانیشی گرتەوە[٣٤]. بەڕادەیەك دەتوانین بڵێین: دینامیکیەتو هەڵسوڕێنەری ئەو گۆڕانکاریانە بە پلەی یەکەم ئەو شێوازی سیاسـەت و

توند و تیژیە سەربازیە بوو کەسوپای داگیرکەری بەریتانیا لە ناوچەکە دا گرتبویە بەر ، سەرەڕای کاریگەریی ئەوسەرهەڵدان و شۆڕشانەی کە پێشتر لە ناوچەکە و وڵاتانی دەور و بەردا بەرپابوون و کاریگەریی خۆیان لە سەر بارو دۆخەکە دانا لەوانە : شۆڕشی ١٩١٦ لە حیجاز بە ڕێبەرایەتی شەریف حوسێن دژی دەوڵەتی عوسمانی ، شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ڕوسیا ، ڕاپەڕینی نەجەفی ١٩١٨ بەڕێبەرایەتی پیاوانی ئاینی و پارتی ڕابوونی ئیسلامی، سەرهەڵدانی بزوتنەوەی کەمالی لە تورکیا ١٩١٩ و هەروەها ڕاپەڕینی گەلانی میسر بەڕێبەرایەتی سەعد زەغلول (١٨٥٨ -١٩٢٧/٨/٢٣) و حیزبی وەفدی میسری ، دژی داگیرکاری بەریتانیا لە هەمانساڵ و دواتردا[٣٥]. سەرەڕای هەموو ئەو فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییانەی کە بەکورتی ئاماژەمان بۆکردن، ئەوسیاسەتی (ئینتداب) ەش کە لەکۆنگرەی سانریمۆی ٢٤ی نیسانی١٩٢٠ دا بە سەر عێراقدا سەپێنرا . ئەمەی دوایش لە لایەن گەلانی عێراقەوە وەك جۆرێك لە داگیرکاری دەهاتە بەرچاوو بەئاسانی لای زۆربەی چین و توێژەکانی ئەو کاتەی وڵات بە هەنگاوێکی قێزەون لێك دەدرایەوە[٣٦].

بەریتانیاش وەك وڵاتێك سیستەمی ئینتدابی لە عێراق و ناوچەکەدا کەوتبوە دەستەوە ، بە زۆری بەدوای بەدیلێکدا دەگەڕا کەبارودۆخی ناوچەکەو تەنانەت عێراقی بۆ هێورتر بکاتەوە، هاوکات ئەو خەرجیە زۆرەی بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگ و مانەوەی هێزەکانی لەناوچەکەدا کەوتبوە ئەستۆیەوە کەمتر بکاتەوە. بۆئەم مەبەستە کەسێکی وەك سێر پرسی کۆکس (١٨٦٤-١٩٣٧/٢/٢٠) کە لە ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ەوە وەك نوێنەری باڵای بەریتانیا هاتە عێراقەوە و لە سەرداوای فەرمانڕەوایانی بەریتانیا و دوای ڕاوێژ کردنێکی پێش وەخت عەبدولڕەحمان نەقیبی (١٨٤٥- ١٩٢٧) ڕاسپارد بۆئەوەی لەژێر چاودێری و سەرپەرشتیاری ئەواندا ، حکومەتێکی کاتی پێك بهێنێ .وەك ئەوەی ئەمیش دواتر ڕاوێژی لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی عێراقی ئەودەمانە کردو کاربەدەستانی بەریتانیاش ڕایان لەسەر زۆربەی زۆریان هەبوو. بەجۆرێ لەنێوان (٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠- ٢٣ی ئابی ١٩٢١) یەکەمین حکومەتی کاتی لە (٨) هەشت وەزیر و سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران پێك هاتبوو سەرەڕای (١٢) وەزیری بێ وەزارەت کە بە زۆری لەخەڵکی ناسراو و خێزانە دیارەکانی ئەو کاتەی عێراق بوون یەکێك لەوانە : حەمدی پاشای بابان بوو. بەڵام هەر لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ناوەکاندا داوای لێ بوردنی کردو ئامادە نەبوو بەشداری ئەو حکومەتە بکا ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەر وەزیرێ ڕاوێژکارێکی بەریتانی بۆدەسنیشانکرا بوو و بەسەریەکەوە ئەم حکومەتە کاتی یە پەیوەست بوو بەنوێنەری باڵای بەریتانیاوەو، بێ ئەو هیچ بڕیارێکی یەکلا کەرەوەی پێ نەدەدرا[٣٧]. تەنانەت ئەو موچەیەش کە بۆ سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دیاری کرابوو لە لایەن نوێنەری باڵا خۆیەوە دەسنیشانکرابوو، بەڵام تەنها کارێ ئەم حکومەتە کاتیە لە ماوەی تەمەنی دا بە جێی هێنابێ ئەوەیان بوو توانی عێراقی ئەودەمانە لەڕووی ئیداری یەوە ، لە ١٢ کانونی یەکەمی ١٩٢٠دا بۆ سەر(١٠) لیواو (٣٥) قەزاو (٨٥) ناحیە دابەشبکا[٣٨].

سەبارەت بە ناوچە کورد نشینەکان کە هێشتا گرێ نەدرابوون بەعێراقەوەو کەسێکی وەك مێجەر سۆن لە کۆتایی هێنانی حوکمداریەتیەکەی شێخ مەحمووددەوەو لە١ی تەمووزی ١٩١٩دا گەڕابووەوە کوردستان و شاری سلێمانی، واتەحوکمی ڕاستەو خۆی ئینگلیز بە تەواوی باڵی بەسەر باشووری کوردستاندا کێشابوو ،لەگەڵێشیدا کەوتنە ئەوەی هەموو ئەو ناچەو شارو شارۆچکانەشی کە لەئە نجامی ڕاپەڕینەکەی شێخ مەحموود، هەمانرێڕەوویانگرتبوەبەرو ، دەسەڵاتی بەریتانیایان لێ دوور خرابووەوە ، بۆ جارێکی دی خرانە ژێر فەرمانڕەوایەتی ڕاستەو خۆی خۆیانەوە . بەتایبەتی شارو شارۆچکە دیارەکانی وەك: هەڵەبجە، ڕانیە، پێنجوێن، شاربازێڕ، چەمچەماڵ و شوێنانی دی ، هەروەها بەرپرسیار و کەسانی سەربەخۆیان بۆ ڕایکردنی کار و باریان لەسەر دانان و لەهەمانکاتیشدا کەوتنە دەسنیشانکردنی ئە نجومەنی شار و شارۆچکەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و چاککردنەوەی هەموو ئەو ڕێگاو بان و پردانەی کە بۆ ڕایکردنی کارو بار پێویست بوون ، جگەلەوە مێجەر سۆن کۆمەڵێك چاکسازی دی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵات و بە تایبەتی شاری سلێمانی دا دەسپێکرد. ئەمەشیان زیاتر بۆئەوەبوو کەبۆ جارێکی دی ئە منیەت بۆ ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە و کارێکی واش بکەن کە دەست لە دژایەتی کردنیان هەڵبگرن . یەکێك لەو کارانەی کە سۆن و فەرمانڕەوایانی بەریتانی لە کوردستان و شاری سلێمانی دا بەجێیان هێنا ، ئەوەش هێنانی دوو

چاپخانەی كۆن بوو یەكێكیان بردە شاری كەركوك و ئەوی تریان لە سەر پێشنیاری سۆن هێنایە سلێمانی و هەفتانـە جگـە لـە بەكارهێنانی بۆ كار و باری خۆیان هەفتەنامەی (پێشكەوتن) یان پێ چاپ و بلاو دەكردەوە، یەكەم ژمارەی لە ۲۹ی نیسـانی ۱۹۲۰ بلاو كرایەوە، بە سەریەكەوە تـارۆژی وەستانی لە۲۷ی تەمووزی ۱۹۲۲ تەنها (۱۱۸) ژمارەی لێ بلاو كراوەتـەوە و پاشـان (بـانگی كوردسـتان) جێگـای گرتۆتـەوە[٣٩].وەكـتر هـەموو ئـەو هەنگاوانـە نـەیانتوانی بەتـەواوی كۆتـایی بـەو بـشێوی و سەرهەڵدانانە بهێنن كە لە ناوچە كانی ئەودەمانەی كوردستاندا سەریان هەڵدابوو ، لـە هەمانكاتیـشدا ئـەو ڕێكەوتنامـە و كۆڕ و كۆنگرە نێو دەوڵەتیانەی كە لـە چوارچێوەی كارنامەكانیانـدا باسیان لـە چارەسـەری كـورد و بـارودۆخی ناوچـە كـورد نشینەكان كرد بوو بە هۆی سیاسـەتی نێـو دەوڵـەتی و بەرژەوەنـدی ولاتـانی هاوپە یمانـەوە شـتێكی ئـەو تۆیـان لێ نەڕسكا لەوانە : كۆنگرەی گـەلانی ڕۆژهـەلاتی ۱۹۲۰ لـە بـاكۆ ، كـۆنگرەی سـانرێمۆی ۲٤ی نیسـانی ۱۹۲۰، سیڤەری ۱۰ی ئـابی ۱۹۲۰، لەندەنی ۱۲ی شوباتی ۱۹۲۱ ، شانبەشانی ئەوەش تـا دەهـات نفـووزی توركـەكان و دەسـتێوەردانیان بۆباشـووری كوردسـتان و ناوچەكانی تری ویلایەتی مووسڵ لە زیاد بوون و برەوێكی بەردەوامـدا بـوو ، ئەوەشی كـە زیـاتر بارودۆخەكـەی بـەئاقاری خراپدا برد ، لەلایەك ئەو سیاسەتی توند و تیژیـە بـوو كـە فـەرمانڕەوایانی بـەریتانیا وەك نـەریتی پێـشتری خۆیـان لـە ناوچەكەدا گرتبویانەبەرو هەروەها بەشێك لـەو كەسایەتیانەشی كـەخۆیان بـە نـەیاری بـەریتانیا دەزانـی و ئـەمان لـە تـاقیبی بەردەوامیاندا بوون ، ڕۆژ بە ڕۆژ پەنایان دەبردە بەر توركەكان ، سەرەڕای ئەوەش لـەو كاتـەدا كەسـۆن ڕوو بـە ڕووی خـەڵك و كەسـایەتیەكانی كوردسـتان دەبـوەوە بـۆ بەرپەرچـدانەوەی ئـەوە، چـەند ڕێكخراوێكـی سیاسـی و ڕووناكبیریی بـە شێوازێكی نهێنـی، بـە سـەرۆكایەتی ڕوونـاكبیر و كەسـایەتی ئـەو كاتـەی سلێمانی جـەمال عیرفـان (۱۸۸۱– ۱۹۲۲) كەوتنـە چالاكی یەوە لەوانە : بەرزی وڵات ، كوردستان ، گزنگ ، فیداكارانی كورد و وەتەن پەروەران وەك لـە بەیاننامەیەكیانـدا و، بەرامبەر بـە داگیركـاری بـەریتانیا و بەتـایبـەتی سـۆن لـە ۲۰ی شـوباتی ۱۹۲۰دا وایـان بـلاو كردۆتەوەكـە :(تـەنیا بـەدوور خستنەوە یان بە نەمانی شێخ مەحموود، نەناوی شێخ مەحموودو نەناوی كورد نـامرێ ، دەبێ ئەو شێخ مەحموودەی، حوكمـداری كوردستان بەزوویی بێتەوەیا دەبێ ئێوە بڕۆن)[٤٠].

ئەوەشی كەزیاتر فەرمانڕەوایانی بەریتانیای دەترسان و نائومێد دەكردن لەكۆمەڵانی خەڵك، ڕق ئەستور بوونی خـەڵك و نزیك بوونەوەی ئەو ڕێكخراوانە بوو لە كەسایەتی و سەرۆك هۆزەكانی كورد بە تایبەتی ئەوانەیان، كـە لەگـەڵ ئینگلیـزدا نەدەگونجان و نزیك بوونەوەیان ، لەو كەسایەتیانەی كە پاش تێك شكانی سوپای عوسمانی، لەجـەنگی یەكەمـدا ، خـەڵكی ناوچەكە بوون و گەڕابوونەوە كوردستان . ئەمانیش بەهەمانشێوە بۆچونیان لەگەڵ فەرمانڕەوایانی بەریتانی و بـە تایبـەتی كەسێكی وەك مێجەر سۆندا نەدەهاتەوە، هەڵوێست گەلی لەم بابەتەش كەڕۆژ بەڕۆژ لەبرەو گەشەسەندنی بەردەوام دا بوو ، فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بـەدوای ئـەوەدا دەگـەڕان كەچـۆن چـارە سـەری ئـەم بـارودۆخـە بكـەن و چـۆن ڕێڕەوێـك بگرنەبـەر كەنەبێتە مایەی ئەوەی لەژێر فـشار و كوشـتنی فەرمانـدە سـەربازیەكانیاندا بەدەسـتی ڕا پـەڕیوان، بـۆ ئـەوەی دەسبـەرداری دەسەلاتی ناوچەكەبن .

دوا چارەسەریان بۆئەم ڕەوشە ئەوە بوو حوكمدارێك وەك بەدیلی شێخ مەحموود بـۆ ناوچـەكە دابنـێن، هـەنگاوێكی لـەم جۆرەش نەبێتە مایەی ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی ئەو بارودۆخە نائاسایی یەیان بۆ هێوربكاتەوە، بەزۆری ئـەو كەسایەتیانەشـی ناویان دەهات بۆئەوەی ئەم ئەركە لەئەستۆ بگرن و كارو باری حوكمداریەتیان بۆ ڕایی بكا بریتی بـوون لـە : حەمـدی بـەگی بابان و سەید تەهای كوڕی شێخ محەمەدی نەهری . كەچی هەریەك لەمانـەو بـە بیانوویەكـەوە كـاری جیـدی ئـەوتۆیان بـۆ نەكرا لە لایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە، بۆ ئەوەی پۆستی كارو باری باشووری كوردستان لەئەستۆ بگـرن . بـەلام وەكـتر بیر كردنەوە لە شێخ مەحموود و دوبارە گەڕانەوەی ، هەرچـەندە بـەریتانیا بەتـەواوی ئـەم هـەنگاوەی پێخـۆش نـەبوو ، لـە هەمانكاتیشدا چاریان نا چاربوو ، لەلایەكی تریشەوەو لەم سەروبەندەدا بەریتانیا و بەتایبەتی نوێنەری بالای بەریتانیا لەعێراق ، بەڕاوێژ لەگەڵ حكومەتی ولاتەكەیدا بەچڕی كاریان لە سەرئەوە دەكرد كۆنگرەیەك لەسەر بـارودۆخی ناوچـەكە بەگشتی و عێراق و باشووری كوردستان بە تایبەتی ببەسترێ ، هەولی ئەوەش بدرێ كەلەچوار چێوەی ئەو كۆنگرەیەدا ،چـارە

سەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە. کاریش لە سەرئەوەبکرێ کە سیستەمێکی نوێ و دەسەلاتێکی نوێ لەعێراقدا بێتە کایەوە. بۆ ئەو مەبەستەو دوا بڕیاریان لەسەر ئەوە گیرسایەوە کۆنگرەی قاهیرە لە١٢-٣٠مارتی ١٩٢١دا ببەستێ ، بەجۆرێك کۆبوونەوەکانی لە٢٤ی هەمانگەوە بۆ کۆتاییەکەی بگوازرێتەوە قودس. بەلام بۆسەرۆکایەتی کردن و ڕایکردنی کارە سەرەکیەکانی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لەسەر ئەوە کۆك بوون، ونستۆن چەرچڵ (١٨٧٤-١٩٦٥) کە پێشتر وەزیری جەنگی بەریتانیا بوو ، کرایە وەزیری ولاتانی داگیرکراو (مستعمرات) ی بەریتانی و، ئەوەی پێ سپێردرا ئەم ئەرکە و ڕایکردنی کارەسەرەکیەکانی لەژێرچاودێری و سەرۆکایەتی ئەو دابێ"[٤١].

تەوەری چوارەم/ کۆنگرەی قاهیرە و ڕەوشی عێراق و باشووری کوردستان ١٢-٣٠مارتی ١٩٢١:-

بەر لەبەستنی کۆنگرەی قاهیرە یەکێك لەو هەنگاوانەی وەزیری ولاتانی داگیرکراو بیری لێ کردەوە، دامەزراندنی فەرمانگەیەکی تایبەت بوو ، سەبارەت بە کارو باری ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاست ، ئەو ئەرکەشی کە دەکەوتە ئەستۆیەوە، پلان و داڕشتنەوەی سیاسەتی بەریتانیا بوو لەم ناوچەیەدا ، بەتایبەتی لە بواری کەمکردنەوەی خەرجیەوە ، بەجۆرێ بەرلەوەی کات و شوێنی کۆنگرەکە دیاری بکرێ ، لە نێو کاربەدەستان و کەسایەتیەکانی بەریتانیای ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕستدا ، دووئاراستەی جیاواز هەبوو سەبارەت بە عێراق و داڕشتنەوەی سیستەمی دەسەلات لەم ولاتەدا. بۆ نموونە ئاراستەیەکیان (جۆن فیلبی) ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەگەل (میستەر ڕایلی) ڕاوێژکاری وەزارەتی مەعاریف لەحکومەتە کاتیەکەی عەبدولڕەحمان نەقیب ڕێبەرایە تیان دەکرد، بەزۆری لەگەل ئەوەدا بوون سیستەمێکی کۆماری لەعێراقدا بێتەکایەوەو لەمەشیاندا چەند کەسایەتیەکی عێراقی ئەوکاتە پشتگیریان لێ دەکردن لەوانە : تۆفیق خالیدی ، فەخرەدین جەمیل و عەبدولڕەحمان ئەلشاوی ، ئەمەش ئاراستەیەکی لاوازو دژایەتیەکی زۆردەکرا لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە[٤٢].

بەلام ئاراستەی دووەم کە زۆر بەهێز و کەسانی دیارو دەست ڕۆیشتووی بەریتانی و عەرەبی لە پشتەوەبوو . بەزۆری کاریان بۆ ئەوە دەکرد ئەوسیستەمە نوێیەی لە عێراقدا بێتە کایەوە ، ئەبێ لەسەر بنەمایەکی پاشایەتی بێ و دیارترین کەسایەتیان بۆ ئەم مەبەستە میرفەیسەلی کوڕی شەریف حوسێن بوو ، کە پێشتر شای سوریا بوو لەماوەی (١٩١٨- ١٩٢٠) بەلام لەودەمانەدا بەدوور خراوەیی لەئەوروپا دەژیا ، بۆیە لورد کیرزۆنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٢٠ دا کیناهان کۆر نوالیسی ڕاسپارد لەلەندەن سەردانی میرفەیسەل بکاو مەسەلەی فەرمانڕەوایەتی عێراقی پێ ڕابگەیەنێ .بەلام میرفەیسەل لەسەرەتاوە جۆرە تەحەفوزێکی هەبوو بەرامبەر بە پێشنیارەکە، بەهۆی ئەوەی لە ٨ مارتی ١٩٢٠ دا کۆنگرەی عێراقی کە لە دیمەشق و بە ئامادەبوونی (٢٩) کەسایەتی عێراقی بەسترا بوو میرعەبدوللای برایان بۆ شای عێراق دەسنیشانکردبوو . هەرچەندە کەسێکی وەك لۆرد کیرزۆن توانی ئەمەشیان لەڕێگای کۆلۆنێل لۆرانسەوە لەگەل میر عەبدوللا دا یەکلایی بکاتەوە و لێرەبەدواوە مەسەلەی دانانی میرفەیسەل بۆ تەختی پاشایەتی عێراق بوو بە دیفاکتەیەکی ئەوتۆ کە هەموو لایەنەکان لەسەری کۆك بن .هەرچەندەلەلایەکی دییەوە ناوی کۆمەلێك کەسایەتی تر بۆ پەردە پۆشکردنی دانانی میر فەیسەل لێرەو لەوێ باسیان لێوە دەکرا کەچی هەریەك لەوانە بە هۆی بیانوویەکەوە ڕەزامەندیان لەسەر نەدرا کە بکرێنە شای داهاتووی عێراق . تەنها شێخ تالیب نەقیب نەبێ کەکەسایەتیەکی دیار و نفوزێکی جەماوەری گەورەی هەبوو لە ناوچەکانی باشووری عێراقدا ، بەلام ئەمەیان بە پێی پلانێکی پێش وەختی بەریتانیا و کەسانی وەك نوری سەعید (١٨٨٨-١٩٥٨) و جەعفەر عەسکەری (١٨٨٥- ١٩٣٦) لەگەل ڕاوێژ کارەکەیدا کەجۆرج فیلبی بوو بەدوای یەکدا و بە پەلە لە عێراق دورخرانەوە ، ئیدی لێرەبەدواوە میرفەیسەل کەسێکی ئەوتۆ نەما پێشبڕکێی بکا لەم بارەیەوە[٤٣].

واتە لەیەکلایی کردنەوەی ئەم هاوکێشانە بەدواوە زەمینە خۆشبوو بۆئەوەی لە کاتێکی گونجاودا کۆنگرەکە دەسبە کارەکانی خۆی بکاو شوێنی بە ستنی دەسنیشان بکرێ وەك ئەوەی ١٢-٣٠ مارتی ١٩٢١ یەکلایی کرایەوەو شوێنی بەستنەکەشی خرایە شاری قاهیرەی ولاتی میسرەوە. بۆ ڕایی کردنی کارەکانیش پێش وەخت شاندێکی بەریتانی – عێراقی لە ٢٢ی

شوباتەوە ، بەسەرۆكایەتی نوێنەری بالای بەریتانیا سیر پرسی كۆكس بەرەو قاهیرە بەڕێكەوتن لەوانە : جەنەراڵ هاڵدین فەرماندەی هێزەكانی بەریتانیا لەعێراق، گرترۆد بێڵ سكرتێرەی ڕۆژهەلاتی دەزگای باوەڕپێكراوی بەریتانی ، جەنەراڵ ئەتەكسن ڕاوێژكاری هاتوچۆ، سێرسلایتەر سەرپەرشتیاری دارایی و هەریەك لەكۆلۆنێڵ فریس و كۆلۆنێڵ ستیوارت و فەرماندەی هێزەكانی پاشایەتی لەعێراق ، سەرەڕای ڕاوێژكاری وەزارەتی بەرگری بەوەكالەت (مێجەرئەیدی) شان بەشانی ئەوانیش دوو وەزیری عێراقی لەحكومەتە كاتی یەكەی عەبدولڕەحمان نەقیب واتە جەعفەرعەسكەری و ساسۆن حەسقیل (١٨٦٠-١٩٣٢) ی بەڕەگەز جوولەكەی وەزیری دارایی، بەسیفەتی ئە ندامی ڕاوێژكار ئامادەی كۆنگرەكە بوون[٤٤]. پاشان لە سەرەتای مانگی مارت و بەچەند ڕۆژێ پێش بەستنی كۆنگرە وەزیری ولاتانی داگیركراو ونستۆن چەرچل بەیاوەری شاندێكی بەریتانی كە بەزۆری پێك هاتبوون لەمارشالی فرۆكەوان هۆك ترینشار سەرۆكی دەستەی فرۆكەوانی ، جەنەرال دیب ڕاد كلیف بە ڕێوەبەری پرۆسەی سەربازی، لەبەشی دارایش هەریەك لە میستەر كروسلاند و سێر جۆرج باستۆ و لەبەشی ڕۆژ هەلاتی ناوەڕاستیش چەند فەرمانبەرێكی ئیداری یاوەری بوون ، سەرەتا لەمارسیلیاوەگەیشتنە ئەسكەندەریە وپاشان بۆ قاهیرە ، بە زۆری ئەو بابەتانەشی لەچوار چێوەی كۆنگرەكە دا باسیان لێوە كرا و بەزۆری پەیوەست بوون بە عێراق و باشووری كوردستانەوە وەك لەكارنامەی كۆنگرەو لەڕێگای لیژنەكانی یەوە گفتوگۆی چڕو پڕیان لەبارەوە كرا بە شێوازێكی سەرەكی ئەم خالانەی لای خوارەوەی دەگرتەوە :

١- پەیوەندی دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بە بەریتانیای گەورەوە لە ڕووی خەرجیەوە .
٢- باسكردن و هەڵسەنگاندنی ئەوانەی كە خۆیان بۆ تەختی پاشایەتی عێراق پالاوتبوو .
٣- بارو دۆخی ناوچە كورد نشینەكان و پەیوەندی بە عێراقەوە .
٤- جۆرو شێوەی ئەو لەشكرەی كە لە داهاتوودا لە عێراقدا دادەمەزرێ و ئەو شێوازی داكۆكی كردن و بەرگری كردنەی كە دەكەوێتە ئەستۆیەوە[٤٥].

دەسپێكی كارنامەی كۆنگرە ڕۆژی شەممە ١٩٢١/٣/١٢ لە میوا نخانەی (سەمیرئەمیس) بە سەرۆكایەتی ونستۆن چەرچڵ بەڕێوەچوو ، تیایدا دوولیژنە لەبواری سەربازی و سیاسی دا دەسنیشانكران و لە هەمان دانیشتندا هەریەك لە : سێر پرسی كۆكس و جەنەراڵ هاڵدینی فەرماندەی هێزە سەربازیەكانی بەریتانیا لەعێراق ، لەسەر ئەوە پێك هاتن وەك سەرەتایەك دەس بەكشانەوەی هێزەكانی بەریتانیا بكرێ لەعێراق . یەكێكی دی لەو بابەتانەی نوێنەری بالا واتە كۆكس خستیەبەرچاوی ئەندامانی كۆنگرە، خوێندنەوەی ناوی ئەو كەسایەتیانەبوو ، كە پالێوراو بوون بۆتەختی پاشایەتی عێراق و پاشان گفتوگۆكردن لەسەر لێبوردنێكی گشتی بۆ هەموو ئەو عێراقیانەی كە لەشۆڕشی ١٩٢٠ دا دژی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا جەنگا بوون[٤٦].شانبەشانی ئەوانەش كەسایەتیەكی وەك میرفەیسەڵ هەرچەندە بەریتانیا بە تەواوی پشتگیری لێ دەكرد و ئەیەویست، لەمەسەلەی بەڕێوەبردنی تەختی پاشایەتی عێراقدا، سەری بخا ، بەلام وەكتر ئەركێكی وا گرنگ و گرانی بەئاسانی پێ بەڕێوە نەدەبرا، بۆیە لێرە بەدواوە، كەوتە ئەوەی پەیوەندی بەهەموو ئەوكەسایەتیانەوە بكا ،كە لێیەوە نزیك بوون و پێویستی بە هاوكاریان هەبوو، لە بەڕێوەبردنی دەسەلاتدا لە عێراق ، بەتاییەتی ئەوكەسایەتیانەی كە لەكاتی فەرمانڕەوایەتی سوریایدا ، لە گەڵی دا بوون و ئەوانەشی كە لەماوەی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی دا كاربەدەست بوون و گەڕابوونەوە عێراق . چونكە كەسێكی وەك میرفەیسەڵ لە دووخوولی پەرلەمانی عوسمانی دا ئەندام بوە و گەلێك كەسایەتی لەوڕۆژگارەدا دەناسی. هەركە كۆنگرەش كۆتایی بەكارەكانی هێنا ، نوێنەری بالای بەریتانیا لە ١٩ی نیسانی هەمانساڵەوە گەڕایەوە بەغداو دوابەدوای ئەوە بەماوەیەك ، میرفەیسەڵ لە ١٢ی حوزەیرانی ١٩٢١ەوە لە شاری (جدە)ەوەو بە پاپۆڕی (نۆرس برۆك) بەرەو شاری بەسرە بوەوە. لە ٢٣ی حوزەیراندا بەیاوەری كۆمەڵێك لەسەركردە هەلاتوەكانی شۆڕشی ١٩٢٠ و بەشێك لەوانەی كەلەحكومەتی عەرەبی سوریادا هاوكاری بوون گەیشتەجێ و پاشان لە ٢٩ی حوزەیراندا گەیشتە بەغدا ، بەلام لە١١ی تەموزدا ئە نجومەنی وەزیرانی كاتی عێراق بڕیاری لە سەرئەوەدا كە میر فەیسەڵ وەك شای عێراق بناسێ، بەومەرجەی پێك هێنانی حكومەتەكەی لەسەربنەمایەكی دەستوری نیابی و پابەندبێ بە یاساوە[٤٧].

دواتر لەو پرۆسەی دەنگدانەدا کە لەچوار چێوەی لیواکانی ئەوکاتەی عێراقدا بەڕێوەچوو. سەبارەت بەدانانی میر فەیسەڵ، بەزۆری دانیشتوانی لیوای کەرکوك دژی بوون و سلێمانیش بەشداریان نەکرد، بەڵام هەریەك لە لیواکانی هەولێر و مووسڵ مەرجیان هەبوو لەسەر دەقی بڕوا هێنانەکە، لەوانە دەستەبەربوونی مافی کەمینەکان لە دامەزراندنی ئەو ئیداراتانەی کە لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە بەڵێنیان پێ درابوو لە پەیماننامەی سیڤەردا[48]. کەچی لەسەرروو هەموو ئەوانەشەوە کارێکی وا کرا میرفەیسەڵ لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی و جەماوەری گەورەدا کە بەئامادەبوونی، کۆکسی نوێنەری باڵای بەریتانیا، لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١دا بەڕێوەچوو تاجی شاهانەی لەسەرنرێ و هەر لەهەمانڕۆژدا حکومەتی کاتی عێراق دەستی لە کارکێشایەوە ، بەماوەیەك دوای ئەمە لەسەر پێشنیاری شا فەیسەڵ لە ١٢ی ئەیلولی هەمانساڵەوە و بۆ جاری دووەم عەبدولڕەحمان نەقیب وەزارەتی پێك هێنایەوە[49]. بەریتانیاش بۆ ئەوەی لێرە بەدواوە ڕەوایەتیەکی زیاتر بە مانەوەی خۆی بدا لەعێراقداو بۆ پاراستنی بە رژەوەندیەکانی لە ناوچەکەدا ، یەکەمین ڕێکەوتننامەی خۆی لە ١٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە نوێیەدا مۆرکرد و بۆ ڕۆژی دواتر بنەماکانی لە هەریەك لەلەندەن و بەغدا بڵاو کرایەوە[50].

سەبارەت بە ناوچە کوردنشینەکانیش وەك دەبینی کۆنگرەی قاهیرە:((بایەخێکی زۆری بەمەسەلەی کورددا . بەڵام ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لەسیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد ڕووی نەدا)) بۆ نموونە دەستەی هاوبەشی کۆنگرە لەکۆبوونەوەی چوارەمی دا کەڕۆژی ١٦ی مارت بەڕێوەچوو . لەکاتێکدا سەرۆکی دەستەی هاوبەش ڕاوێژی بەرفراوانی لەگەڵ نوێنەری باڵای بەریتانیا سێر پرسی کۆکس و جەنەراڵ ئێرونسایددا کرد و بڕیار لەسەرئەوەدرا کەلیژنەیەکی لاوەکی (فرعی) پێك بهێنرێت ، بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ ئێرونسایدبۆ لێکۆڵینەوەکردن لەسەرمەسەلەی کورد . سەرەڕای ئەوەش هەرچەندە لیژنەکە نەیتوانی بگاتە بڕیارێکی ڕوون و کۆتایی .بە دووریشی زانی ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی نیشتمانی یەوە .بەڵکو وای بەباش زانی کە نوێنەری باڵای بەریتانیا خۆی سەرپەرشتیاریی ئەم ناوچەیە بگرێتە ئەستۆ تا ئەوکاتەی ئەگەنە بۆچوونێکی کۆتایی و لەلایەکی دی یەوەبڕیار لەسەر ئەوەش درا کە هێزێکی خۆجێی تیا پێك بهێنرێ ، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و هەروەها بڕیار لەسەر ئەوەش درا ئەو یەکە سەربازیانەی کە لەکەرکوك و مووسڵ دان و ژمارەیان بیست و سێ یەکەیە کەمبکرێنەوە بۆهەشت یەکەی سەربازی[51].

لەلایەکی دیشەوە ئەندامانی کۆنگرە بە تەواوی لەوەگەیشتبوون کە کاروبارەکان لەناوچە کورد نشینەکاندا لەڕێگای بەکارهێنانی هێز و خۆسەپاندنەوە ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێ . بەڵکو پەنابردن بۆ کاری توند و تیژی و زۆر لێکردن لە ناوچە کورد نشینەکاندا:((دەبێتەهۆی زیادبوونی بەرهەڵستی و پێکدادان)) بۆئەمەش پێشنیاری کۆنگرە ئەوەبوو:((بەڕێوەبردنی ناوچە کورد نشینەکان بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی نوێنەری باڵای بەریتانیادا بێ تا ئەو کاتەی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی کورد بیرو ڕای پەیوەند داری لەگەڵ عێراقدا دەر دەبڕێ)). یەکێك لەسودەکانی ئەم سیاسەتەش ئەوەیە تاحکومەتی بەریتانیا بتوانێ هێزێکی سەربازی لەکوردەکان پێك بهێنێت لەژێر سەرپەرشتی ئەفسەرانی ئینگلیزدا و ئەم هێزە کوردیەش زۆر لە بەریتانیەکان باشتردەبێ بۆپاراستنی ئاسایشی سنوورەکان ، هەر بۆیە بڕیاردرا کە هێزی (لیڤی) بەشانە کوردی و ئاشووریەکان بە هێزتر بکرێن بەو ئومێدەی هێزەکانی ئیمبراتۆریەتی بەریتانی لەسەر سنوورەکان کەمتر بکرێنەوە[52].

مەبەستی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە هەنگاوێکی وا بۆئەوەبوو کەبتوانێ سود لەوهێزە چەکداریە وەربگرێ کە لەناوچەکەدا پێکی بهێنێ بۆ هەر مەبەستێك کەبیەوێ بەکاریان بهێنێ ، هەروەها ئەو هێزە چەکدارەی خۆشیان کەساڵەها بوو لە ڕەگەزی جۆربەجۆر لەم ناوچانەدا کۆیان کردبوونەوەو ئەرکێکی دارایی زۆری خستبوە ئەستۆیانەوە لەوشوێنانەدا بەکاریان بهێنن، کەلەڕووی داگیرکاری یەوە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بوون . هەربۆیە کەسێکی وەك نوێنەری باڵا واتە سێر پرسی کۆکس یەکێك لە هەڵوێستەکانی لەکۆنگرەی قاهیرەدا ئەوە بوو، بە گەڕانەوەی بۆ عێراق:((هێزێکی کوردی پێك ئەهێنێ)) لەدانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان[53]. مەبەستیان لەمەدا بۆئەوەبوە لەهەر کاتێکدا هێزەکانی بەریتانیا لەناوچەکە کشانەوە ، ئەمانی دی بتوانن ، جێگاکانیان پڕبکەنەوە . بۆ ڕایکردن و جێ بەجێکردنی هەنگاوێکی لەم

بابەتەش پێویستە لە سەر (میستەر كروسلاند) ئەو برە دەرامەت و دارایی یەی كە لە ئە نجامی ئەم ئـاڵوگۆڕە وەدەست دێ بـۆ سـاڵانی ١٩٢١- ١٩٢٢ بخاتـە ڕوو[٥٤]. لێكدانەوەیـەكی ئـەوتۆش بەڵگـەی ئـەوەمان دەداتەدەسـتەوە كـە فـەرمانڕەوایانی بەریتانیا چەند بەوردیەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم دۆسیێیەدا كردوەو چۆن بیریان بۆ ئەوەچوە كـە هـەنگاوێكی لـەم بابەتـە تاچ ڕادەیەك خزمەت بەداهاتی دارایی و ئەو ئەركە دارایی یەیان دەكات كەئەوان لەڕووی خەرجی جەنگی یەوە لەناوچـەكەدا سەرفیانكردوە . لەلایەكی دیشەوە زۆر دوربـین بـوون لەسـەر خستنی پرۆسـەیەكی واداو حیسابیان بۆئـەوە كـردوە كەئـەبێ: (هاوكاری تەواو لەنێوان هێزە ئاسمانی و هێزەكانی لیڤی) یانـدا هـەبێ بـۆ جـێ بـەجێكردنی پلانەكـەیان . بـیر كردنـەوەی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لە پێكەوە نانی هێزێكی سەر بـەخۆیان و لـەژێر كـۆنترۆڵی خۆیانـدا بـە ڕادەیـەكی زۆر بـۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە كە ئەوان بەردەوام لە توركەكان و گەڕانەوەی توركەكان بۆ ناوچەكە ترساون و هەر لەخۆڕاش نەبوە كەسێكی وەك نۆئێل لە چوارچێوەی ئەم كۆنگرەیەدا بڵێ:(توركەكان كوردەكان دژی ئێمە بەكار دێنن و ئێستە كـە هێزەكا نمـان هەنـدێ لـە ناوچە كوردیەكانیان چۆڵكردوە، توركەكان تەقەلای ئەوەئەدەن سلێمانیش لەدەسەلاتی ئێمە دور بخەنەوە) لە كاتێكـدا كـە ئەمەشیان بۆ نەچێتەسـەر ئـەوان زۆر پێیـان باشـتربوە دەسـەلاتێكی كوردی، لـە ناوچـەكەدا بێتەكایـەوە. بـۆ ئـەوەی ببێتـە لەمپەرێك لە نێوان تورك و عەرەبدا و هاوكات ئەبێتە مایەی ئەوەی كە ئەم دەسەڵاتە ڕێگر بێ لەهـەر: (دەس درێژیـەك كـە بكرێتە سەر سود و بەرژەوە ندیەكانی بەریتانیا لەمیسۆپۆتامیا) .هەروەها كارێكی واشبكرێ ئەم ناوچەی كە ئەكەوێتـە ژێـر دەسەلاتی كوردەوە لەڕووی داهات و دەرامەتەوە كۆسپی بۆ دروست نەكرێ و دەرامەتێكی باش تەرخان بكرێ بۆ كوردستان[٥٥].

بە پێی لێكدانەوەشمان لە چوارچێوەی كۆنگرەی قاهیرەدا هەریەك لە : مێجەر نوئێل، مێجەر یونگ و تەنانـەت وینسـتۆن چەرچلی وەزیری ولاتـانی داگیركراو و سەرۆكی كۆنگرە ، بەسەر یەكەوە بۆچوونێكی باشیان هـەبوە بەرامبـەر بـە كـورد و بـارو دۆخـی ناوچـە كـورد نـشینەكان بـۆ نموونـە كەسێكی وەك چەرچـڵ دوای گـوێ گـرتن لە پێشنیاری ئـەوانی پـێش خـۆی هـەر لەمەسەلەی (دەسەلاتی تورك لە ناوچەكە) و (هەژمونی عەرەب بە سەر كورد) دا و (هەڵبژاردن لە ناوچە كورنـشینەكان) و (نـاردنی هێـزی لیڤـی عـەرەبی بـەریتانی بۆكوردسـتان) . ئـەوزۆر لـەبوونی توركـەكان و هەڕەشـەیان ترسـاوە لەسـەر بەرژەوەندیەكانی بەریتانیا بۆیە وای بەباش زانیوە كە : ((سەرۆكێكی كورد پاڵپشتی بكرێ و یارمەتی بدرێ و ڕێگەی كارو بارو بازرگانی بۆ ئاسان بكرێ بە مەرجێك ئەوە ببێتە هـۆی ئـەوەی ڕێگـا لەتوركـەكان بگرێت كەنـەتوانن لـەو ناوچـەیەدا سیاسەتی خۆیان بخەنە كار دژی بەرژەوەندی بەریتانیا)) هەروەها زۆر بە ڕوونـی قـسەی لەسـەر ئـەوەش كـردوە كەسێكی وەك میر فەیسەڵ كە ئەبێتە فەرمانڕەوای عێراق ، لە داهاتوودا بەهێز بوو ، توانای سـەربازی بـە هێـزی هـەبوو:(دور نیـە دوای ئەوە مافی كوردەكان پشت گوێ بخاو گوێ نەداتە هەست و خواستیان كە ئە نجامی ئەمە بـەوە ئـەگا زوڵـم لـە كوردەكـان بكرێ) بۆ چارەسەركردنی ئەوەش ئەو زۆر بەباشی زانیوە ئەوكاتە :((حكومەتێكی كوردی لە نێواندا هەبێت))[٥٦].

كارنامەی كـۆنگرە لـە ناونیـشانێكی سـەربەخۆی دا سـەبارەت بـە كوردسـتان و ناوچـە كوردنـشینەكان جـەخت لەسـەر:((پێشخستنی گوزەرانی دانیشتوانی كورد)) دەكاتەوە و هـەروەها بـاس لـەوەش دەكـا كـە نـابێ كوردسـتان ببەسـترێت بـەو دام و دەزگایانەوە كە :((كارو باری ئینتداب)) بەڕێوە ئەبا بـەڵكو لەلایـەن نوێنـەری بـالای بـەریتانیاوە بـەڕێوەببرێ و كـاریش لەسەر ئەوە بكرێ : ((كە ئە نجومەنێكی ناوچەیی لە سەركردەكانی كورد پێـك بێت)). ونـستۆن چەرچـلی وەزیـری ولاتـانی داگیركراو و سەرۆكی كۆنگرە لە بەشداریەكی تـری داو لـە چوارچـێوەی كارنامـەی كـۆنگرەدا لـە بـارەی پەیوەنـدی عێـراق بـە كوردستانەوە نووسیویە :((پێویستە سیاسەتی بەریتانیا هیواو ئاواتی گەلی كورد پشت گوێ نەخات، بەڵكو لە بەرچـاوی بـێ و حیسابی بۆ بكا و پێویستە هەردولا بەدووشێوەی جیاواز ببرێت بە ڕێوە و هەوڵ بدرێ بە شێنەیی لێك نزیك بكرێنـەوە))[٥٧].

تەنانەت بەماوەیەكیش دوای بەستنی كۆنگرەی قاهیرە كەسایەتیەكی وەك چەرچڵ وای لێ هاتبوو كە بگاتە ئەوقەناعەتـەی چەند ڕێنمایی و فەرمانێك دەربكا بۆ (فەرمانگەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست – دائره الشرق الاوسگ) لەوانـە : گەڕانـەوەی مێجـەر نوئێـل بـۆ كوردسـتان و هـەروەها گەڕانـەوەی شێخ مـەحمود بـۆ سلێمانی و پابەنـد بـوونی تـەواو بـەبڕیارەكانی كـۆنگرەی قاهیرەوە[٥٨]. ئەمەش لە كاتێكدا بوو كە لەلایەن كەسانی وەك:سێر پرسـی كـۆكس وگرتـرۆد بێڵـەوە دژایەتیـەكی زۆر دەكرا

تەنانەت ئەوان بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدابوون: ((ناوچە کوردیەکان وەکو پارچەیەك لە عێراق بمێننەوە)) . هەرچەندە لەلایەکی تریشەوە قسە لەسەر ئەوە هەبوو:((ناوچە کوردیەکان هان بدرێن بۆ جیا بوونەوە)) بەلاّم لە هەمانکاتدا هەموو ئەو بۆچونانەی سەبارەت بە ناوچە کورد نشینەکان دەوتران بە لێکدانەوەی کۆکس بە هەواداری جیاخوازی (انفصال) دەزانی و بەردەوام ڕوو بە ڕووی دەبووەوە ، وەك لە بروسکەیەکی دا کە بۆ وەزیری ولاّتانی داگیرکراوی ناردوە دەنووسێ: ((ئەگەر ڕێگا درا بە جیا بوونەوەی سلێمانی . ئەوا بەسرە و کۆمەڵگەکانی دی هەمان ڕێڕەو دەگرنە بەرو ئەوکاتە ڕازی کردنیان زۆر قورس دەبێ)) بەلاّم کەسێکی وەك هەربەرت یونگ کە نۆئێڵ لەگەڵ بۆچوونەکەیدا بوو بە پێچەوانەوە، زۆر بەخێرا و بێ دواکەوتن داوای پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی دەکرد لەژێر چاودێری ڕاستەو خۆی نوێنەری بالاّی بەریتانیادا ، بێ ئەوەی بەشێك بێ لە عێراق یا لەچوارچێوەی بەر پرسیاری حکومەتەکەیدا بێ" [٥٩] .

ئەمانەو گەلێك ڕاو بۆچوونی جیاواز لەسەر ناوچەکەو بە تایبەتی عێراق و کوردستان لە کۆنگرەی ناوبراودا هاتە کایەوە، تائەوکاتەی کۆنگرە لە ٣٠ی مارتی ١٩٢١ کۆتایی بە دانیشتنەکانی هێنا و لە عێراقیشدا دەسەلاّتی نوێ هاتبوە کایەوە و کەسێکی وەك میر فەیسەڵ دوای گەیشتنی بە عێراق و لە ڕێو ڕەسمێکی بەرچاودا لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ بوو بەشای عێراق . ئەوەشی کە پەیوەست بووبێ بە کوردستان و ناوچە کورد نشینەکانەوە ، بەزۆری سەرهەڵدانی ئەو ڕا پەڕین و دەنگە ناڕازیانە بوو کە ڕۆژ بەڕۆژ بەڕووی بەریتانیا و سیاسەتی بەریتانیادا سەرچاوەیان دەگرت لەوانە: سەرهەڵدان و ڕا پەڕینەکانی مەحموود خانی دزڵی دوای بەردانی لەلایەن بەریتانیەکانەوە و هێرشەکانی بۆ سەر بنکەکانیان لە هەڵە بجەو دەورو بەری و کوشتنی ئەفسەری بەریتانی(گیبۆن – gibbon).هەروەها سەرهەڵدانی ڕا پەڕینی شێخ فەرەجی بانی بنۆك و ڕوو بە ڕووبونەوەی لەگەڵ بەریتانیەکاندا، نزیك کانیاوی (ڕەنگێنە)ی سەربە شارۆچکەی خورماڵ، لەحوزەیرانی ١٩٢٢دا، کەدەبێتە مایەی ئەوەی دواتر هێزەکانی بەریتانیا بە فەرماندەیی (جەنەراڵ نایتنکیل) دەست بەسەر گوندەکەیدا بگرن و بیسوتێنن. سەرەڕای ڕووبەڕووبونەوەکانی سەید محەمەدی جەباری کە بەهاوکاری کەمالیەکان هێرشی کردەسەر بنکەی بەریتانیەکان لەناوچەی کەرکوك و چەمچەماڵ ، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی وەك کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند بوو بە هاوکاری و ئە نجامەکەشی بوە مایەی کوژرانی (کابتن بۆند) و(ماکانت) لەنزیك دەربەندی بازیان، بەدەستی چەکدارەکانی کەریم بەگ لەئابی هەمانساڵەوە، لەناوچەی ڕانیەشەوە هەمان هەڵوێست دژی بەریتانیەکان سەرچاوەی گرت و هێزەکانی بەریتانیا لەژێر فشاری هێزی عەشایەرو تورکەکاندا بە فەرماندەیی(ئۆزدەمیر پاشا) توانیان دەستی بەسەردا بگرن . بە جۆرێ هێشتا بارودۆخ لەناوچەی ڕانیەدا لەئەو پەڕی هەلاّیساندابوو، بۆ جارێکی دی مەحموود خانی دزڵی لەتەوەری سلێمانی یەوە سەری هەڵدایەوە و داوای حکومداریەتێکی کوردی دەکرد لەناوچەکەدا بەڕێبەرایەتی شێخ مەحموود [٦٠] .

هەرچەندە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد بە پێی ئەو لێبوردنەی کە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بۆ دور خراوە عێراقیەکانی سەردەمی شۆڕشی ١٩٢٠ دەریانکردو کۆمەڵێك کەسایەتی گەڕانەوە ولاّت . بەلاّم ئەمەیان شێخ مەحموود و شێخ حمە غەریبی هاوەڵی نەگرتەوە، هەرئەوەنەبێ لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٢٢ ەوە بەریتانیەکان لەڕێگای پا پۆڕی (بنکورە)ەوە شێخ مەحموود و شێخ حمە غەریبیان لە بۆمبایەوە گواستەوەو لە ٢٨ی هەمان مانگدا ، گەیاندویانەتە (میرنشینی کۆیت) و دوای چەند مانگێك مانەوەی لەوێ ، دوبارە لە ژێر چاودێری خۆیاندا ، لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٢٢ەوە گوستراوەتەوە شاری بەغدا و لەمیانی دانوستانێکدا کە لەنێوان شێخ مەحموود و فەرمانڕەوایانی بەریتانی دا بەڕێوەچوە، بەڵێنی داوە کە داکۆکی لە شاری سلێمانی بکا و نەهێڵێ بکەوێتە ژێر دەسەلاّتی تورکەوە. هەروەها بڕیاری لە سەر ئەوەشدا تورکەکان لەناوچەکانی تری سەربە سلێمانیدا بکاتەدەرەوەو هیچ دەستێوەردانێکیش لە ناوچەی کەرکوك و هەولێردا نەکا و ڕازیش بێ بەوەی کە مێجەر نوئێڵ ببێتەوە ڕاوێژکاری ، بەرامبەر بەوە هەریەك لەحکومەتی بەریتانیا و عێراق ئەوەی لە توانایاندا بێ دەیخەنە گەڕ بۆ یارمەتی دان و گەشەکردنی گیانی کوردایەتی و هەستی نەتەوایەتی . شا فەیسەڵیش لای خۆیەوە ڕێگای بەژمارەیەك ئەفسەری کورد دا لەسوپای عێراق بەوەی کە خزمەتی سەربازی خۆیان بگوازنەوە سلێمانی، بە مەبەستی ڕێکخستن و ڕاهێنانی هێزە لیڤی یە سەربازییە تایبەتەکەی [٦١] . ئەوە بوو دوای ماوەیەکی کەم لە مانەوەی لە بەغدا و لە ٢١ ئەیلولی ١٩٢٢ دا

دەگاتە وێستگەی شەمەندەفەر لە ئەسكی كفری نزیك بەگوندی قنگربـانی ئـەمرۆو، پاشـان بـە مەبەسـتی پێكهێنانـەوەی حوكمداریەتی دووەمی، دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و لە ١٠ی تشرینی یەكەمی هەمانساڵدا كابینەی حوكمداریەتی دووەمی بـە سەرۆكایەتی شێخ قادری برای پێك دەهێنێ[٦٢].

دەر ئە نجام

لە ئە نجامی ئەم لێكۆڵینەوەی ، سەبارەت بە خەباتی چەكداری و سیاسی شێخ مەحموود لـە هاوكێشە سیاسـی یـەكانی بـەریتانیا و لـەماوەی سـاڵانی (١٩١٤-١٩٢٢) بـەدوادا چـوو نمان لـە سـەركردوە، دەبینـی شـێخ مـەحموود بەرلـەوەی وەك كەسایەتیەكی سیاسی و لە ژێر كاریگەریی بیری نەتەوەیی دا خەباتی خۆی درێژە پێ بدا ، بە حوكمی ئەو بنەماڵـە ئـایینی یەی كە تیایدا ژیاوە، زیاتر گاریگەر بوە بە رێبازی تەریقەت و بیر و فیكری ئایینی ، بۆیـە شـانبە شـانی فـەرمانڕەوایانی عوسمانی لە شەڕی شوعێبەی١٢ی نیسانی ١٩١٥دا لە ژێر دروشمی ئایین و غەزاكردندا دژی داگیركـاری بـەریتانیا جـەنگاوە و ، بە ماوەیەك دوای ئەوە لە بەرەی سـلێمانی – پێنجوێنـەوە رووبـە رووی داگیركـاری ڕووسـیا بۆتـەوە. بەتایبـەتی لـە سـاڵانی جەنگی یەكەمدا و تەنانەت هەردوو لاشیان ، واتە بەریتانیەكان و دواتر ڕووسەكانیش هەوڵیان داوە لە گەڵیدا رێك بكەون ، بۆ ئەوەی دژی دەوڵەتی عوسمانی هاوكاریان بێ .

هەر لە ساڵانی جەنگیشدا شێخ مەحموود ئەوەی بۆ دەردەكەوێت دەوڵەتی عوسمانی گوڵۆڵـەی لەلێـژی یـە بۆیـە بـە ڕاوێـژ لەگەڵ كۆمـەڵێك كەسـایەتی ئـەو دەمانـەی باشـووری كوردسـتان ، دەگاتـە ئـەو قەناعەتـەی كـە خـۆی لـە فـەرمانڕەوایانی بەریتانی نزیك بكاتەوە و بە هاوكاری ئەوان و ڕاوێـژكاری ئـەوان یەكـەمین حوكمداریـەتی خـۆی لـەكۆتایی یـەكانی جـەنگی یەكەمدا پێك بێنێ ، بەڵام لە لایەك بەهۆی خۆ ساغنەكردنەوەی تەواوی خۆی لـە گـەڵ ئینگلیـزدا و دەسبەردار نـەبوونی لـە توركـەكان و هەوڵـدانی بـۆ فراوا نخـوازی دەسـەڵاتە سـاواكەی و هـەروەها بـە شـداركردنی كـەس و كـارە نزیكـەكانی لـە شوێنەهەستیارەكانی حوكمداریەتەكەی دا ، دەبێتە مایەی ئەوەی فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بە تەواوی دڵیان لێی كرمێ بێ و بكە ونەئەوەی خۆیان بەشێوازێكی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی باشووری كوردستان بگرنـە دەسـتەوە و دوای ڕووبـە ڕوو بونەوەیـەكی سەربازی ، شكستی تەواو بە شێخ مەحموود بهێنن و دوای دادگایی كردنی لەكوردستانیش دوری بخەنەوە .

لەو ماوەیەشدا كە حوكمی ڕاستەوخۆی بەریتانیا لەباشووری كوردستاندا سەرچاوەدەگرێ ، بۆ ماوەیەك نـەبێ ، وڵاتـی عێراق و ناوچەكە ئارامیەكی ئـەوتۆ بـەخۆوە نـابینێ ، بـەهۆی ئـەو ڕا پەڕینـە جەماوەریانـەی كـە لەچوارچـێوەی عێـراق و باشووری كوردستاندا دێنە كایـەوە كـە لەمێـژووی عێـراق و باشـووری كوردسـتاندا بـە ڕا پـەڕین یـان شۆڕشـی ١٩٢٠ناسـراوە ، بەڕادەیەكی زۆر ئەم هەل و مەرجە و سیاسەتی ئینتدابی بەریتانیا دەبێتە هۆی ئەوەی كە فەرمانڕەوایانی بەریتانیا بـەدوای بەدیلێكدا بگەڕێن بۆ هێوركردنەوەی ناوچەكە ، ئەوەش بۆ خۆی بەسـتنی كـۆنگرەی قـاهیرەی ١٢-٣/٣٠/ ١٩٢١ بـوو سـەبارەت بەهەل و مەرجی ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست و ، لەچوارچێوەشیدا میر فەیسەڵی كوڕی شەریف حوسێنی مەككە وەك شـایەك ، بۆ عێراق دەسنیشانكرا و وردە وردە كار لەسەر ئەوەشكرا كە بۆ جارێكی دی شێخ مەحموود بگەڕێتەوە كوردستان.

لیستی سەرچاوەو پەراوێزەكان:

١. كمال مظهر احمد ، كردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی، ط٢، ت: محمد الملا عبدالكريم المدرس ، (بغداد:١٩٨٤) ، ص١٧٨.
٢. انظر للتفصيل : شكری محمود نديم ، الجيش الروسی فی حرب العراق ١٩١٤- ١٩١٨، ط٣ ،(بغداد : ١٩٧٤).
٣. ئەحمەد خواجە ، چیم دی ، ب ١ ، (بەغدا :١٩٦٨) ،ل١٥" كمال مظهر احمد، المصدر السابق ، ص ٢٠٤.
٤. ڕە فیق حیلمی ،یاداشت ،(سلێمانی: ٢٠٠٣)،ل٤٠.
٥. فاضل حسين واخرون ، تاريخ العراق المعاصر ، (بغداد : ١٩٨٠) ، ص١٣.

٦. رفيق حيلمى ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٤٤-٤٥.
٧. عبدالحمن ادريس البياتى ، الشيخ محمودالحفيد البرزنجي والنفوذ البريطانى فى كردستان العراق حتى عام ١٩٢٥، تقـديم : كمال مظهر احمد، (السليمانية:٢٠٠٧)، ص١٠٨، كمال مظهر احمد ، كردستان فى .....، ص ١٨٦.
٨. سديق سالح ، حكومەتی كوردستان لە سلێمانی ١٩١٨- ١٩٢٤، (سلێمانی:٢٠٠٣)، ل ٣١.
٩. رەفيق حيلمى ، ياداشت ،ل٤٦-٤٧" عبدالرحمن ادريس البياتى ، المصدر السابق، ص١٠٨- ١٠٩.
١٠. كەمال نورى مەعروف ، ياداشتەكانى شێخ لەتيفى حەفيد لەسەر شۆڕشەكانى شێخ مەحمود ،چ١ ، (هەولێر:١٩٩٥) ، ل٣٩.
١١. ارنلد تى. و يلسون ، بلاد مابين النهرين بين ولائين ،خواطر شخصية وتاريخية ، ت: فواد جميل ، تقديم و مراجعة : الـدكتور علاء نورس ، (بغداد: ١٩٩٢) ،ج٣، ص ١٥.
١٢. ئى. جەى .ئار ، پوختەی كارو بارى كاتى جەنگى جيهانى لە كوردستانى جنوبى ، و:مەهاباد سالح،(سلێمانی:٢٠١١)، ل ٣٧، عبدالرحمن ادريس البياتى ، المصدر السابق، ص ١١٢.
١٣. المس بيل ، فصول من تاريخ العراق القريب ،كتاب يبحث عـن العـراق فـى عهـد الاحـتلال البريطـانى بـين سـنتى ١٩١٤-١٩٢٠، ت:جعفر الخياط، (بغداد:١٩٧١)، ص١٩٠-١٩١" ئى . جێى. ئار ، س. ث ، ل ٣٨- ٣٩.
١٤. ئى . جەى. ئار ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.
١٥. انظر:موسى ابراهيم ، قضايا عربية ودولية معاصرة ، دار المنهل اللبنانى ، ط١، (بيروت:٢٠١٠) ، ص١٣٦.
١٦. عبدالرحمن ادريس البياتى ، المصدر السابق، ص ١٢١" كـەمال مەزهـەر ئەحمـەد ، كـوردو كوردسـتان لـە بەڵگـە نامـە نهێنـى يەكانى حوكمەتى بەريتانيادا ، بەرگى يەكەم ، ئامـادەكردنى : عەبـدوڵڵا زەنگەنـە و شـەهلا تـاهير حەيـدەرى ، (بـەيروت: ٢٠٠٨) ، ل٧٢.
١٧. سر ارنلد ويلسون ، المصدر السابق، ج٣، ص ٢٤" جـرجيس فـتح اللـة ، يقظـة الكـرد ، تـاريخ سياسـى ١٩٠٠- ١٩٢٥، (اربيـل: ٢٠٠٢) ، ص ٢٤٤.
١٨. كابتن لاين ، كورد و عەرەب و بەريتانيەكان ، بيرەوەريەكانى كـابتن لايـن لەمـەڕ رووداوەكـانى باشـوورى كوردسـتان ١٩١٩- ١٩٢٩، و: ياسين سەردەشتى ، (سلێمانی :٢٠٠٧) ،ل ٨٨-٨٩.
١٩. سروة اسعد ، اراء و المواقف البريطانية حول شيخ محمود ١٩١٨-١٩٢٣ ، فى (يادنامەی شێخ مەحمود) ،(سـلێمانی :٢٠٠٦) ص ٩٢.
٢٠. عبدالرحمن ادريس البيا تى ، المصدر السابق، ص١٢٥.
٢١. م.ڕهاوار ، شێخ مەحموودى قارەمان و حكومەتى خوارووى كوردستان ، ب١، (لەندەن:١٩٩٠)، ل ٤٤٨-٤٤٩.
٢٢. ئەحمەد خواجە ، چيم دى ، ب١، ل٣٨.
٢٣. خواجە ، س.پ، ل ٣٧.
٢٤. م.ڕهاوار،س.پ، ب١، ل٤٨٥-٤٨٧.
٢٥. عبد المنعم الغلامى ، ثورتنا فى شمال العراق ١٩١٩-١٩٢٠، ج١، (بغداد : ١٩٦٦) ، ص ٩٧.
٢٦. كەمال مەزهەر ئەحمەد، ويژدان و مێژوو يان دادگەريى موشيرى حمەى سلێمان، ڕەنگـين (گۆڤـار)، ژمـارە (١٠٢)، سـاڵى ١٩٩٧ ،ل ٩ " سر ارنلد تى . ويلسون، المصدر السابق ، ج٣، ص ٢٧.
٢٧. كەمال مەزهەر ئەحمەد، ويژدان و مێژوو ، س.پ، ل ٩ " سرارنولد تى. ويلسن ، ج٣، ص٢٨.
٢٨. كەمال مەزهەر ئەحمەد ، ويژدان و مێژوو، ل ١٠ " مستەر لاين ، س.پ ، ل ٩٠.
٢٩. عبدالرحمن ادريس البياتى ، المصدر السابق، ص ١٤٤.
٣٠. كمال مظهر احمد ، اضواء على قضايا دولية فى الشرق الاوسط ، (بغداد: ١٩٧٨)، ص ٢٠" ڕەشيد شێخ عەبدوالڕەحمان قادر ، بەريتانيا - توركيا – ئێران – كورد ١٩١٥- ١٩٣١ ، (هەولێر: ٢٠١٠)، ل ٥٧.
٣١. ڕەفيق حيلمى ، ياداشت ، ل ل ١١٣- ١١٤.
٣٢. مجيد اللامى ، جزيرة هنجام الاماراتية منفـى السـاسة العـراقيين المناهضين للانكليـز ، التـاخى ، الاثـنين ، ٢١/ ٥/ ٢٠١٢" كابتن لاين ، س.ث، ل٩٠.

٣٣. بڕوانه : شێخ ڕەشید عەبدولڕەحمان قادر ، س.پ ، ل ل ٦٦- ٦٧.
٣٤. للتفصيل انظر: كمال مظهر احمد ، دور الشعب الكردى فى ثورة العشرين العراقية ،(بغداد : ١٩٧٨).
٣٥. انظر: ابراهيم الداقوقى ، اكراد تركيا ،دار اراس للطباعة و النشر،(اربيل:٢٠٠٨)، ص١٠٥وما بعدها" جاسم محمد حسن العدول واخرون ، تاريخ الوطن العربى المعاصر، (الموصل :٢٠٠٥).
٣٦. فيليب ويلارد ايرلند ، العراق دراسة فى تطورة السياسى ، ت: جعفر خياط ، (بيروت: ١٩٤٩)، ص ١٥٣.
٣٧. عبدالرزاق الحسنى ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج١، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨)، ص ١٤-٢٤.
٣٨. رجاء الخطاب ،الحكومة العراقية المؤقتة ، فى المفصل فى تاريخ العراق المعاصر، (بغداد: ٢٠٠٢)، ص ٢١٣.
٣٩. كەمال مەزهەر ئەحمەد ، چمكێك لە مێژووی یەكەم چاپخانەی كوردی شاری سلێمانی ، ڕۆشنبیری نوێ(گۆڤار)، ژمارە (٧٧) ، تشرینی یەكەمی ١٩٧٩، ل ٣٢-٣٣.
٤٠. م. ڕهاوار ، ب٢، ل ١٥٣.
٤١. ابراهيم خليل احمد ، جعفر عباس حميدى ، تاريخ العراق المعاصر ، (الموصل :٢٠١٠) ، ص ٣٠.
٤٢. ابرهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدى ، المصدر السابق، ص ٢٩" جاسم العدول واخرون ، المصدر السابق ، ص ٥٨.
٤٣. انظر للتفصيل : خالدة ابلال الجبورى ، الابعاد السياسية للحكم الهاشمى ١٩٤١- ١٩٥٨ ، ط١ ، (دمشق: ٢٠١٢) ، ص ٤٠- ٤١" كابتن لاين ، س. ث ، ل ٨٠ " ابراهيم خليل احمد ، جعفرعباس حميدى ، المصدر السابق ، ص ٣١.
٤٤. سها طارق الجبورى ، مؤتمر القاهرة والستراتيجية البريطانية فى العراق ، فى المفصل فى تاريخ العراق المعاصر ، ص ٢٤٥" مير بصرى ، اعلام اليهود فى العراق الحديث ، دار الوراق ، (لندن: ٢٠٠٦) ، ص ٥٢-٥٨.
٤٥. الحسنى ، الوزارات ، ج١ ، ص ٣٦" سها الجبورى، المصدر السابق ، ص ٢٤٥.
٤٦. سها الجبورى ، المصدر السابق ، ص ٢٤٥- ٢٤٩.
٤٧. ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدى ، المصدر السابق، ص ٣٢.
٤٨. عبدالرزاق الحسنى ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج ١، ص ٥٨.
٤٩. الحسنى، المصدر السابق، ج١، ص ٧٣" ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدى ، ص ٣٢-٣٣.
٥٠. عبدالرزاق الحسنى ، العراق فى ظل المعاهدات ، ط ٦،(بيروت: ١٩٨٣) ، ص ١٠- ٢٢.
٥١. سها الجبورى ، المصدر السابق، ص ٢٦٠.
٥٢. احمد عثمان ابو بكر ، المسالة الكردية و مؤتمر القاهرة ، خه بات ، (جريدة) ، العدد (٦٩٣) ، ٢٢/٩/ ١٩٩٣.
٥٣. سها الجبورى ، المصدر السابق، ص ٢٦١.
٥٤. احمد عثمان ابوبكر ، المصدر السابق ، ١٩٩٣/٩/٢٢.
٥٥. م . ڕهاوار ، س. ث ، ب٢، ل ٧١.
٥٦. جرجيس فتح الله ، المصدر السابق ، ص ٢٣٧-٢٣٨.
٥٧. احمد عثمان ابو بكر ، المصدر السابق ، ٢٢/٩/ ١٩٩٣.
٥٨. جرجيس فتح اللة ، ص ٢٤٢.
٥٩. كورد و كوردستان لە بەڵگە نامە نهێنیەكانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ١٩٢٠-١٩٢٢ و: شێركۆ فە تحوڵڵا ، (هەولێر : ٢٠١٢) ، ل٤١" جرجيس فتح الله ، المصدر السابق، ص٢٨٥.
٦٠. انظر:جرجيس فتح اللة ، المصدر السابق ، ص ٢٤٧- ٢٤٩" عبدالرحمن البياتى ، المصدر السابق، ص ١٩٥، عبدالرقيب يوسف، بانگەوازێك بۆ ڕووناكبیرانی كورد ، لە پێناوی كۆكردنەوە و زیندووكردنەوەی كەلە پووری كوردیدا، (سلێمانی: ١٩٨٥) ،ل١٠-١٢.
٦١. جرجيس فتح الله ، نفس المصدر ، ص ٢٥٥.
٦٢. بڕوانە :جەمال خەزنەدار ، بانگی كوردستان ١٩٢٢-١٩٢٦، (بەغدا: ١٩٧٤) ، ژمارە(١٠) ، ل٩٢.

لیستی سەرچاوەکان:-

أ- كتێبی بەڵگە نامەیی بەزمانی كوردی و وەرگێڕدراو :-

١-شێركۆ فه تحوڵلاّ ، كورد و كوردستان له بەڵگە نامه نهێنی یەكانی بەریتانیادا ١٩٢٠- ١٩٢٢، ئا : نەجاتی عەبدوڵلاّ، (هەولێر: ٢٠١٢).

٢-كەمال مەزهەر ئەحمەد ، كوردو كوردستان له بلگه نامه نهێنی یەكانی حوكمەتی بەریتانیادا ، ب ١، ئا: عەبدوڵلاّ زەنگەنەو شەهلا تاهیر حەیدەری ، (بەیروت: ٢٠٠٨) .

ب- یاددا شتننامه بەزمانی كوردی و وەرگێڕدراو :-

١-ئەحمەد خواجە، چیم دی ، ب١، (بەغدا: ١٩٦٨) .

٢-ڕەفیق حیلمی ، یادداشت ، (سلێمانی : ٢٠٠٣) .

٣- كەمال نوری مەعروف ،یادداشتەكانی شێخ لەتیفی حەفید له سەرشۆڕشه كانی شێخ مەحموود ،(هەلێر: ١٩٩٥) .

٤- كابتن لاین ، كوردو عەرەب و بەریتانیەكان، بیرەوەریەكانی كابتن لاین له مەڕ ڕوداوەكانی باشوری كوردستان ١٩١٩- ١٩٢٩، و: یاسین سەردەشتی ، (سلێمانی : ٢٠٠٧) .

كتێبی چاپكراو بە زمانی كوردی و وەرگێڕدراو :-

١- ئی .جەی . ئار ، پوختەی كارو باری كاتی جەنگی جیهانی له كوردستانی جنوبی ، و: مەهاباد ساڵح ، (سلێمانی : ٢٠١١) .

٢- جەمال خەزنەدار ، بانگی كوردستان ١٩٢٢-١٩٢٦، (بەغدا: ١٩٧٤) .

٣- سدیق ساڵح ، حكومەتی كوردستان له سلێمانی ١٩١٨- ١٩٢٤، (سلێمانی : ٢٠٠٣) .

٤- م . ڕ هاوار ، شێخ مەحموودی قارەمان و حكومەتی خواروی كوردستان ، ب١، (لەندەن: ١٩٩٠) .

٥- ڕەشید شێخ عەبدولڕەحمان قادر، بەریتانیا- توركیا – ئێران – كورد ١٩١٥- ١٩٣١، (هەولێر: ٢٠١٠) .

٦- عبدالرقیب یوسف، بانگەوازێك بۆ ڕووناكبیرانی كورد ، له پێناو كۆكردنەوەو زیندووكردنەوەی كەلە پووری كوردیا،(سلێمانی: ١٩٨٥).

وتارو لێكۆڵینەوە بەزمانی كوردی:-

١- كەمال مەزهەر ئەحمەد ، چمكێك له مێژووی یەكەم چاپخانەی كوردی له شاری سلێمانی ، ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە (٧٧) ، ١٩٧٩.

٢- كەمال مەزهەر ئەحمەد ، ویژدان و مێژوو یان دادگەریی موشیری حەمەی سلێمان ، ڕەنگین، ژمارە، (١٠٢) ، ١٩٩٧.

كتێبی چاپكرا و بە زمانی عەرەبی و وەرگێڕدراو :-

١- ابراهيم الداقوقی ، اكراد تركيا ، (اربيل: ٢٠٠٨) .

٢- ابراهيم خليل احمد و جعفر عباس حميدی ، تاريخ العراق المعاصر ، (الموصل : ٢٠١٠) .

٣- جاسم محمد حسن العدول و اخرون ، تاريخ الوطن العربی المعاصر ،(الموصل:٢٠٠٥).

٤- جرجيس فتح اللة ، يقظة الكرد ، تاريخ سياسی ١٩٠٠- ١٩٢٥ ، (اربيل :٢٠٠٢) .

٥- خالدة ابلال الجبوری ، البعاد السياسية للحكم الهاشمی فی العراق ١٩٤١-١٩٥٨، ط١ ، (دمشق: ٢٠١٢)

٦- سر ارنلد تی ويلسن ، بلاد مابين النهرين بين ولائين ، ج٢، ترجمة : فواد جميل ، (بغداد: ١٩٩٢) .

٧- شكری محمود نديم ، الجيش الروسی فی حرب العراق ١٩١٤- ١٩١٨، ط٣، (بغداد : ١٩٧٤) .

٨- عبد الرحمن ادريس البياتی ، الشيخ محمود الحفيد البرزنجی و النفوذ البريطانی فی كردستان العراق حتی عام ١٩٢٥، تقديم : كمال مظهر احمد ، (السليمانية : ٢٠٠٧) .

٩- عبد الرزاق الحسنی ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج١، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨) .

١٠- عبد المنعم الغلامی ، ثورتنا فی شمال العراق ١٩١٩- ١٩٢٠، ج١، (بغداد : ١٩٦٦) .

١١- فاضل حسين و اخرون ، تاريخ العراق المعاصر ، (بغداد : ١٩٨٠) .

١٢- فيليب ويلارد ايرلند ، العراق دراسة فى تطوره السياسى ، ت: جعفر الخياط، (بغداد : ١٩٤٩) .
١٣- كمال مظهر احمد ، اضواء على قضايا دولية فى الشرق الاوسط ، (بغداد : ١٩٧٨) .
١٤- كمال مظهر احمد ، دور الشعب الكردى فى ثورة العشرين العراقية ، (بغداد : ١٩٧٨) .
١٥- كمال مظهر احمد ، كردستان فى سنوات الحرب العالمية الاولى ،ت: محمد الملا عبد الكريم ،ط٢، (بغداد: ١٩٨٤).
١٦- مس بيل ، فصول من تاريخ العراق القريب ١٩١٤- ١٩٢٠، ت: جعفر الخياط، (بغداد : ١٩٧٦) .
١٧- موسى ابراهيم ، قضايا عربية ودولية معاصرة ، (بيروت : ٢٠١٠) .
١٨- مير بصرى ، اعلام اليهود فى العراق الحديث ، (لندن: ٢٠٠٦) .

وتارو ليَكۆلَينەوە بە زمانى عەرەبى:-

١- احمد عثمان ابو بكر ، المسالة الكردية و مؤتمر القاهرة ، خةبات ، العدد (٦٩٣)، ٢٢/٩/ ١٩٩٣.
٢ -سروة اسعد صابر، أراء والمواقف البريطانية حول الشيخ محمود ١٩١٨- ١٩٢٣، (يادنامەى شێخ مەحموود) ،(سلێمانى :٢٠٠٦).
٣- سها طارق الجبورى ، مؤتمر القاهرة والستراتيجية البريطانية فى العراق ، فى المفصل فى تاريخ العراق ، (بغداد: ٢٠٠٢).
٤- رجاء حسين الخطاب ،الحكومة العراقية المؤقتة ، المفصل فى تاريخ العراق المعاصر، (بغداد : ٢٠٠٢).
٥- مجيد اللامى ، جزيرة هنجام الاماراتية منفى الساسة العراقيين المناهظين للانطليز، التاخى ، ٢١/٥/ ٢٠١٢.

ملخص البحث

استنتج الباحث من دراسته للنضال السياسى والكفاح المسلح للشيخ محمود الحفيد و دوره فى المعادلات السياسية لدى الحكومة البريطانية مابين (١٩١٤- ١٩٢٢) طبيعة شخصية الشيخ فبالرغم من فكره الوطنى فان تاثيرات نشاته و معتقداته الدينية، كان لها دور اساس فى انحيازه الى الدولة العثمانية ووقوفه الى جانبها فى معركة الشعيبة ١٢نيسان ١٩١٥ ضد الاحتلال البريطانى و مواقف اخرى كثيرة ، ادت بكل من الحكومتين البريطانية والروسية انذاك فى اتخاذ خطوات جدية لكسب الشيخ محمود ووقوفه الى جانبهم ضد الامبراطورية العثمانية لكنه سرعان ما ادرك قرب انهيار تلك الامبراطورية فعمل على استشارة كبار المنطقة و شيوخها فى ذلك . واستقر الرأى اخيرا على التعاون معهم . وبالفعل لم تمر الا فترة قصيرة وتشكلت تلك الحكومة بقيادته باعانة من مستشار بريطانى معين مسبقا من قبلهم . لكن للاسف كانت هناك عوامل عدة عملت على انهاء تلك التعاون و القضاء على الحكومة الكردية الاولى (١٩١٨-١٨/٦/ ١٩١٩) منها عدم انهاء الشيخ علاقاته مع الاتراك و طموحات الشيخ فى توسيع نطاق حكمه من خلال مطالبه المستمرة الامر الذى اسهم بشكل اوباخر باعادة النظر لدى البريطانين فى عدم استمرار تلك الحكومة والاخذ بناصية الحكم من يد الشيخ محمود والتى انتهت باعتقال الشيخ والحكم عليه بالنفى الى جزيرة هنجام ولاسيما بعد معركة (دربندى بازيان) وانهاء تلك الحكومة من قبل البريطانين و توليهم الحكم بشكل مباشر و اسفرت عنها تدهور الاوضاع الامنية بشكل عام فى العراق وجنوب كوردستان . اعقبها سلسلة من الانتفاضات ، والمعروفة لدى العراقيين عموما ب(ثورة ٣٠ حزيران ١٩٢٠) وقد كان لوجود الانتداب البريطانى ، اثر فى اجبارهم على اتخاذ خطوات بديلة لحل الاوضاع المتدهورة وعقد مؤتمرات منها مؤتمر القاهرة فى ١٢-٣٠/٣/ ١٩٢١ و المتعلقة بتداعيات الشرق الاوسط و فى اطار ذالك تم تعين الامير فيصل بن شريف حسين كملك على العراق ، و كذلك العمل على ارجاع الشيخ محمود و ادارته للحكم فى كوردستان الجنوبية.

Abstract

The researcher got a deduction from his study at apolitical and abattoir struggle of Sheakh Mahmood Al-haffeed and his role with British government between (1914-1922) Sheikh's characteristics. Although of his patriotic thought, his religion (Islam) ideology ,has the basic role to lead his tendency toward the

ottomans state , taking his place with them at (El-shouabba) battle 12 may 1915 against the British occupation , so both of British and Russian government take areal steps to get Seakh Mhmood bach wining his supporting , against the Ottomans empire . So he decided to discuss the matter with the well-known Kurdish Sheakhs, at last they decided to stay with british (taking its sides). After while a Kurdish government has been established, with Sheakh Mhmood s leadership, with supporting of a British advisor. But unfortunately his cooperation could not be continued , and destroyed the Kurdish government (1918-18-6-1919) for example, of causes Sheah Mhmood did not cut his relationship with the Ottomans and event that he had a fear full ambitions to expand his government influence through his requirement .Since that British empire revise its thought , and decided that the Kurdish government should not be continued , then arresting Sheakh Mhmood , exiling him to (Hingham Iceland) , especially after (Darband- Bazeans) battle .Then the British directly take the control ,as a result the security situation exploited at both Iraq and south of Kurdistan .then many revolutions had been outbreak , which know to the Iraqis with (Revolution of 30 June 1920) ,so this situation forced the British to take real steps to solve this problems ,so prince (Faysal Shareef Hussain) ,has been determined to be the King of Iraq ,and getting Sheah Mhmood back to take control over Kurdistan.